# یادنامە

YADNAMA

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر

سەرکەوتی جیهاز

دەستەی نوسەران

بەختیار شارەزوری

ڕەووف محەمەد ئالانی

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.

یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

No.71.April.2025 | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | ژمارەی ٧١ی نیسان ٢٠٢٥


## ئێران و ئەمریکا دوو دوژمنی تەواوکەری یەکتر

**یادنامە**


بە درێژایی ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا جگە لە کۆمەڵێک پلان لەژێر سیناریۆی جیاوازدا هیچی تر نەبوە ، ئێران بۆ ئەمریکا ئەو دوژمنە پێویستەیە کەلە ستراتیژی دورمەودای ئەمریکادا دەبێت بونی هەبێت ، بەڵام کام بون وکام ئێران ، ئەو ئێرانەی ئەمریکا لە ستراتیژی بەرژەوەندی باڵای خۆیدا ڕەسمی دەکات بریتیە لە ئێرانێک لەناو بازنەی سوری بەرژەوەندیدا بێت ، واتا ئەگەر ئێران لەو بازنەیە گەورەتربێت ئەوا ئەمریکا دەیان ڕێگە دەگرێتە بەر تا لەو بازنەیە دەرنەچێت ، هەر لە گەمارۆی زیرەکەوە تا گەمارۆی سەر کەسایەتی سیاسی و سەربازی تا دەگاتە لێدانی کاتی سەربازی ، ئێران ئەو دوژمنەیە کە شەرعیەت بە دنیایەک داگیرکاری و فراوانخوازی ئەمریکا و ئیسرائیل دەدات ، خۆ ئەگەر بچوکتر بێتەوە لەو بازنەیە ئەوا هاوکاری دەکات وەک چۆن ئیسرائیل و ئەمریکا هیچ پشتیوانیەکی خۆپیشاندان و شۆڕشەکانی ناوخۆی ئێران ناکەن بەتایبەت شۆڕشی (ژن.ژیان.ئازادی) ، بە دیوێکی تردا ئێران گەر جەنگ بکات زۆرێک لەو وڵاتانەی هاوپەیمانی ئەمریکان دەکەونە مەترسییەوە هەر لە پاکستانەوە تا وڵاتانی خلیج ، دیوی سێەمی ئێران هاوپەیمانیەتی لەگەڵ چین و ڕوسیا ، هەربۆیە دەکرێ ئەمریکا چەند گورزێکی ئاسمانی بدات لە ئێران بەڵام ناگەتە ڕوخاندنی.




## لە یادی ڕۆژنامەگەریدا تەنها ئازادی بەس نیە.

**یادنامە**

لە یادی ڕۆژنامەگەریدا ئەوەی زۆرترین باسە بۆ ڕۆژنامەنوسان ئازادییە ، بەڵام با بپرسین ئەگەر تەواوی ئازادییە ڕۆژنامەگەرییەکان دابین بکرێ و هیچ کۆت و بەندێک نەبێت ئەمە تەنها بەسە ، یان دەبێت کۆی دەستەڵاتەکان هێندە تێگەیشتنیان هەبێت کە بەدوای ئەو ڕەخنە و ڕیپۆرتاژانەدا بچن کە لەسەر کۆی کێشەکانە و لیژنەی بەدواداچون هەبێت بۆ چارەسەری ئەو کەموکوڕیانەی کە ڕۆژنامەگەری وەک دەستەڵاتی چوارەم دەتوانێت بیخاتە ڕوو ، ئەگەر هەر ئازادبین لەوەی قسە بکەین و لە بەرامبەردا چارەسەر نەبێت کەواتە ئەو دەستەڵاتەی کەڕۆژنامەگەری لە ڕێی دروستکردنی ڕای گشتیەوە دروستی دەکات هیچ گرنگییەکی نیە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لای خۆمان ماڵپەڕەکان و ڕادیۆ و تیڤییەکان و پەیجەکان کە هاوکاری دارایی بکرێن سەر بە حیزب و کۆمپانیا حیزبییەکانن و پاشکۆن تا دەگاتە نوسەر و ڕۆژنامە نوسەکان ، تەنها هەندێکی کەمیان نەبێت ، ئەم کەمینەیەش توشی جۆرەها سزا دەبنەوە ،خۆ ئەگەر ڕیپۆرتاژێکیشیان بڵاو بکەنەوە ئەوا دامەزراوەیەکی حکومی نیە تا بەدواداچونی بۆ بکات ، دەشبینین یاساکانی ڕۆژنامەگەری بە چی ئاقارێکدادەڕوات.





ژیان نامەی سەنجەرخانی وەزیری ... ل٢

تـۆ بڵێی خەونەکەی ئەحمەد موختار بەگی جاف بێتەدی ... ل٤

ئەنفال خەمێک لە کۆژانەکانی نیشتیمان ... ل٦

قەیرانی پەروەردەیی، قەیرانی ژیانە ... ل٨

گرنگی پەروەردە وەرگێڕان و ئامادەکردنی لە ئینگلیزییەوە ... ل٩

هونەری گوێگرتن ... ل١٠

گرنگی پەروەردەی خودناسی ... ل١١

سیفەت و تایبەتمەندیەکانی قوتابی بەهرەمەند و مامەڵەکردنی قوتابخانە لەگەڵیدا ... ل١٢

پرسیارەکانی کۆمۆنیزم و شۆڕشی سۆسیالیستی ... ل١٣

گەردیلەی بێتۆیی ... ل١٤

شەرەفخانی بەدلیسی ... ل١٥

# ژیان نامەی سەنجەرخانی وەزیری

سەنجەرخانی وەزیری: ئەو سەرداره کوردەی کە جەنگی لەگەڵ ڕووس و ئینگلیز و قاجارەدەکرد.

نووسینی: سەرچڵ یونس

سەنجەرخان کوڕی محەممەد خانی وەزیرییە لە بنەماڵەی بەناوبانگی وەزیریە لە شاری سنە و کە بنەماڵەکەیان لە سەردەمی میرنشینی ئەردەڵان دەسەڵاتدار بوون،

سەنجەرخان ساڵی 1880 لە گوندی (نەڕان) سەربە شاری سنە کە موڵکی خۆیان بووە لەدایکبووە،

لە کاتی هاتنی ڕووس ساڵی 1915 بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات قەڵایەکی دروستکردووە لە میاوەران هێزێکی زۆر لەدەوری کۆبووتەوە توانیویەتی ڕووسەکان تێکبشکێنت و دواتر قاجاریەکان بەڵام پاش هاتنی (شەریف دەولەی ناپاک) بۆ والی کورستان بە ڕێکەوتن لەگەڵ خەلیل خانی برا گەورەی سەنجەرخان و ئەسەف دیوان وەزیری کە ئامۆزای بووە سەنجەرخانیان لەناوبرد.

کاتێک ڕووس هێرش دەهێنێت بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هەمانکاتدا لە سێ ناوچەوە دەپەڕنەوە بۆ کوردستانی باشوور ئەوانیش لە ناوچەکانی پێنجوێن و خانەقین و ڕواندز، لە قۆڵی پێنجوێنەوە هەریەک مەحمود پاشای جاف و تاهیر بەگی جاف بە خۆیان و سەدان چەکداری تیرەکانی جافەوە و شێخ عەلادینی نەقشبەندی و کوڕەکانی شێخ عوسمان و شێخ مەولانا لەگەڵ شێخ حیسامەدین نەقشبەندی بە خۆیان سەدان موریدیانەوە و دواتر شێخ مەحمودی حەفید بە هێزێکی زۆرەوە بەناوی غەزاوە، هێزەکانی ڕووس تا نزیک سنە ڕاودەنێن.

کورد پیدیا



# داستانی تازە شاری بناری گل

لە ساڵی ١٩٨٨ دا یەکێتی و حزبی شیوعی بڕیاری مان و نەمانیان دا بە فەرماندەیی هاوبەشی شەهید نازمە بچکۆل و هاوڕێ بەهادین لەم داستانەدا ٢٢ پێشمەرگە شەهید بوون پێتان دەڵێم هاوڕیان ڕۆحتان شاد بێ یادتان پیرۆز ئێستا بناری گل ئازادەو ئاوەدان بوەتەوە ئێوەش ئارام بنون شەهیدی فەرماندە ( نـــازم بـچـکـۆل )

ساڵی ١٩٥٧ لە خانەوادەیەکی نیشتیمان پەروەر لە شاری کفری لە دایک بووە.

ناوی تەواوی (ناظم رشيد أحمد حارس )

باوکی مام (ڕەشید بەلگە) یەکێک بوو لە کەسایەتیەکانی شاری کفری سەرمەشقی خەباتی کوردایەتی بووە.

دایکی پورە (جاناس عباس حارس)

شەهید (نازم بچکۆل) تا پۆلی ٦ی سەرەتای خوێندووە ، گەنجێکی سەلار و ڕەوشت بەرز بووە ، لەبەر ئەوەی پەروەردەی خانەوادەیەکی نیشتیمان پەروەر بووە هەر بۆیە لە سەرەتای لاوێتیدا ئازادی گەلەکەی دەبێتە خولیای ساڵی ١٩٧٧ لە ڕێگەی باوکی و شەهید (سەید محمد سەید محێ دین) وە پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی شۆڕشەوە ، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکات ، دەبێتە پێشمەرگە لە سنوری گەرمیان ، بەهۆی ئازایەتی و لێوەشاوەی ئەرکی بەرپسیارێتی فەرمانده‌ی مەفرەزە و دواتر فەرماندەی کەرتی١ ی تیپی ٥١ی گەرمیانی پێ دەسپێرێت.

بە گەواهیدانی هاوسەنگەرەکانی شەهید (نازم بچکۆل) پێشمەرگەیەکی چاونەترس و تێکۆشەرێکی خەباتی ڕزگاری خوازی کوردستان بووە ، سڵی لە هیچ شەڕێك نەکردووەتەوە ، لە زۆربەی نەبەردەکاندا لە هێڵی پێشەوەی هەڵمەتی دوژمن قراندا بووە. بەشداری لە چەندین نەبەردی وەك ( شەڕی گرتنی ناحیەی سەنگاو ، داستانی قەیوان ماوەت ، سەرپەرشتی چالاکیەکانی ناوچەی داودە و سنوری خورماتوو و سەر ڕێگەی قوریچای کردوە

لە داستانی ئەفسانەی (تازە شار) لە هێزەکانی حزبی شیوعی بە هاوبەشی لە ٩ / ٤ / ١٩٨٨ لە نەبەردێکی نابەرامبەردا ڕووبەڕووی سوپای داپڵۆسێنەری بەعس دەبنەوە ، نزیکەی (٢٣]) پێشمەرگە دەبن ، بەرەنگاری هێزێکی بێ شوماری سوپای سەربازی دەبنەوە ، زیاتر لە (١٤) کاتژمێر شەڕی قورس ، سوپاکەی بەعس ناتوانن بەرگری بکەن ، بەداخەوە هەموویان شەهید دەبن و ڕوحیان دەکەنە مەدالیای سەربەرزی نیشتیمان و لە گەردنی خاکی دەکەن ، لە پاش شەڕەکە تەرمەکانی پێشمەرگەکان دەکەوێتە ژێر دەستی سوپا و هەر لەو سنورە لە گۆڕی بە کۆمەڵ بە جلەکانیانەوە دەنێژێن ، لە پاش پرۆسەی ئازادی هەڵمەتی گەڕان بەدوای ڕوفاتی شەهیدان بەسەرپەرشتی کاك (عوسمانی حاجی مەحمود) دەچنە سنوری تازەشار ، بە سۆراغێکی ورد لە پاش دوو هەفتە لە ڕێگەی کەسێکەوە تەرمەکانیان دەدۆزنەوە ، پاشتر بە جلوبەرگی پێشمەگەکان دەناسرێنەوە ، لە مەراسمێکدا تەرمی شەهیدی فەرماندە (نازم بچکۆل)و (٢٢) شەهیدی هاوسەنگەری لە شاری خورماتوو بەخاکی نیشتیمان سپێردران.




بەداخەوە قوربانیەکانی خەباتی بنەماڵەی مام (ڕەشید بەلەگە) ڕوبارێکی خوێناویە بۆ ئازادی نیشتیمان ، دوو برای تری بەناوی (فاروق و سەردار) شەهید دەبن ، ئەمە وێڕای دەیان جار زیندانی براو خوشك و باوك و دایكی لە بەندیخانەکانی بەعسی فاشیستدا ، لە شاڵاوی ئەنفالدا ژمارەیەك لە خزم و کەس وکاری نزیکی مام (ڕەشید بەلگە) شەهیدی جینۆسایدنبڵندی و شکۆ و درود و مەزنی بۆ ڕەوانی شکۆداری شەهید (ناڒم چکۆل) و مام (ڕەشید بەلەگە) گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان

وەرگیراوە

# شەهید نەمرە وەکو شاخ وەکو بەفر، وەکو درەخت وەکو بەهار و گوڵەباخ



پۆلێک لە فەرماندە نەمرەکانی تیپی چڵ و حەوتی پیرەمەگروون

بۆیادی شەهید وەستا عەتاو هاوڕێکانی لە داستانی ڕزگاری

مێژوی میللەتان لە ئاستی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی و خەباتی چەکداری بە خوێن و شەهید دەپێورێ ، ئەم دوانەن مێژوی نەتەوەک دەبەنە ئاستی پیرۆزی و قوربانیدان ، ئەوانەی لە دوێنێی شۆڕشدا شەهید بون هەر ئەوانن دەبنە مەدالیای ملمان لە ئەمڕۆدا ، شەهید وەک ئەستره لە شەوەزەنگدا ، وەک هیوا لە پێدەشتی ژیاندا وەک سەوزایی بۆ کوردستان ، جێی شانازین و منیش وەک بینەرێکی پڕ لە بیرەوەری هاوڕێ شەهیدەکانم بەردەوام یادەوەری خوێن و شەهید دەبێتە بەشێک لە شانازیم .

سڵاو لە ڕۆحی پاکی هاوڕێ ی ڕۆژە سەختەکانی خەباتم وەستا عەتا جێگری کەرت لە تیپی ٤٧ پیرەمەگروون کە ٣٤ ساڵ لە مەو پێش لە داستانی ڕزگاری دا لە گەڵ چەند هاوڕێ یەکی تردا شەهید بوو،لەو بیرەوەریە تاڵەدا و چەند ووشەیەک و گفتۆگۆیەک پێش شەهید بوونی وەک خۆی ئەگێرمەوە ،شەوی ١٣/١٤-٤-١٩٨٧ یەکێتی خۆی ئامادە کردبوو بۆ داستانی رزگاری ،هەموو هێزەکانی لە ئامادە باشیدا بوو سەعاتی سفر دیاری کرا بوو، تیپی ٤٧ پیرەمەگروون ئەو شەوە لە گوندی مالومە بوو منیش وەک عەدەد جیهاز لە گەل ئەو تیپ و هێزەدا بووم،ئەوەی بەرئەو هێزەی ئێمە کەوتبوو بۆ رزگار کردن لە دۆڵی جافایەتی لە گاپیلۆن و باڵخ و چەمی پیر ئەلیاس ... و هەتا کارێزە ،نامەوێت لێرەدا بچمە ووردەکاری داستانی رزگاری و هێزەکان و بەرپرسەکان و.... ئەگەر تەمەن باقی بوو لە کاتێکی تردا بە دورودرێژی ئەی خەمە خزمەتان، من تەنها باسی ئەوشەوەی خۆمان ئەکەم لە مالوومە،پێشترو لە پێشمەرگایەتیشدا زۆر شتم بیستبوو لە سەر حەماسەتی پێشمەرگە کە بە چ زەوقێکەوە بەرەو پیری مەرگ ئەرۆن بە تایبەتی کە خۆیان بۆ چالاکی ئامادە ئەکرد وەیان بۆ تۆڵە سەندنەوەی هاوڕێ شەهیدەکانمان،بەڵام هەرگیز وەک ئەوشەوەی مالوومەم نەدیبوو زوربەی پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون لە مزگەوتەکەی مالوومەو دەورو بەری بوون زەوق و خۆشی یەک لە رویان دیار بوو زۆر جیاواز بوو ،سەرەتا دوو دوو سێ سێ هەر چرپە چرپ وقسەکردن بوو یەم چالاکی یەی ئەم شەو ئەبێ چی بێ وچۆن بێ هەر یەکەو قسەیەکی ئەکرد نە یان ئەزانی بە تەواوی چی یەو جار جار سەیرێکی منیان ئەکردو ئەیان ووت سەرکەوت تۆعەدەد جیهازی شتێک ئەزانیت پێمان بلێ منیش زۆر بە سادەیی ئەم ووت چالاکی ئەم شەو جیاوازە زۆر گەورەیە ،ئەوانیش بە پێکەنینەوە ئەیان ووت ئێمەش ئەوە ئەزانین قابیلە ئەم هێزە گەورەیە بۆچی ئامادەکراوە...،پاش کەمێک لەم گفت و گۆیانە لە بەردەم تەختایی یەکەی مزگەوت بوو بە هەڵپەرکێ و گۆرانی هەروەک ئەوەی شتێکیان زانیبێت تادەهات ئاهەنگەکە خۆشترو فراوانتر ئەبوو هاورێ ی پێشمەرگایەتیم کاک حاجی کەریم[بەداخەوە ئەویش ئەو شەوە بە ئەڵغام قاچێکی پەری]گۆرانی هەی مەنێ مەنێ ی ...... ئەوت هەموو پێشمەرگەکانیش هەڵ ئەپەرین ،رەنگە گێرانەوەو باسکردنی ئەو شەوە لای زۆر کەس سادە بێت بەڵام لای من زۆر ماناى گەورەو پیرۆزی خۆی هەیە ،ئەم بینی ئەمانە ئێستا بەرەو شەر ئەچن رەنگە لێ مان شەهید بێ یان بریندار خۆشیان ئەیانزانی، یەکسەر ئەوەم بیرکەوتەوە ئای ئازادی سەربەستی چەند خۆشەویستی ئای خاک چەند پیرۆزی وا رۆڵەکانت بە شایی و گۆرانی یەوە مەرگی خۆیانت پێش کەش ئەکەن ،لەم بیرکردنەوانەدا بووم شەهید وەستا عەتا هات بۆلام و قۆڵی کردە قۆڵم و کەمێک دووری خستمەوە ووتی سەرکەوت تۆ هەموو شتێک ئەزانیت سوێندی دام شتێکی پێ بڵێم منیش دڵیم نەشکاند ووتم وەستا پێشتر شوێنی دانیشتن و ئیسراحەتمان چاخانەکەی پیر ئەلیاس بوو ئەم جارە ئەی بەینە سەری ئەزمەر باوەشێکی پیاکردم و ماچێکی کردم ،دوای ئەمە گەراینەوە لای پێشمەرگەکان زۆری نەخایەند بەرێ کەوتین بەرەو شوێنی مەبەست،

شەوە زەنگ بوو پێشمەرگە ڕیزی بەستبوو بە دوای یەکدا بە بێ دەنگی هەنگاومان ئەنا تا ئەهات نزیک ئەبوینەوە لە شوێنی دیاری کراومان،لە پڕ بێ دەنگی شکاو شەرو تەقە لە هەموولایەکەوە دەستی پێ کرد ،رژێمی داگیرکەری بەعس هەموو ئەوشوێنانەی بەئەڵغام چاندبوو

تەنانەت ناو ئاوو چەمەکانیش بە داخەوە ئەو شەوە چەندین هاورێمان شەهیدو بریندار بوون،وە چەندین ڕوداوی ناخۆش ڕویدا لە دەمی هاوڕێی پێشمەرگایەتیم کاک عومەر گێڕایەوە ووتی چەند پێشمەرگەیەک بووین خوار جادەی گاپیلۆن بە ئاراستەی باڵخ لە پڕ پێشمەرگەیەک هاواری کرد بۆستن لە شوێنی خۆتان پێم ناوە بە ئەڵغامێکدا هەوڵ بدەن بە شوێن پێکانتان بگەڕێنە دواوە منیش خۆم هەڵئەیەم با ئێوە بریندار نەبن دوای گفتۆگۆیەکی کورت وایان کرد ئەوان خۆیان دا بە عەرزاو ئەمیش خۆی هەڵدا بەداخەوە کەوت بەسەر ئەڵغامێکی ترداو هەر لەوێ شەهید بوو،ئەمەو چەندین ڕوداوی دڵتەزێن،هەر ئەو شەوە وەستا عەتاش بۆ یەکجاری بەجێ ی هێشتین و برینێکی قوڵی خستە نێو دڵمانەوەو چوە کاروانی شەهیدانەوە هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید وەستا عەتاو هاورێ کانی و هەمووشەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان.

شەهید نەمرە وەکو شاخ
وەکو بەفر، وەکو درەخت
وەکو بەهار و گوڵەباخ
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ
پەنجە و دەستە
ئازاری خاک ڕائەژەنێ
سۆمای چاوە
کام دوارِۆژ دووره ئەیبینێ
شەهید باڵای بە قەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی ئینسانە!
شێرکۆ بێکەس

تێبینی* پێشمەرگە لە کاتی خۆیدا هەموو شوێنەکانی بۆی دیاری کرابوو رزگاری کرد و ناوچەیەکی جوگرافی گرنگی ئازاد کرد.
*چەمی پیرئەلیاس کەوتۆتە نزیک گوندی باڵخ خوار گاپیلۆن.
*وێنەکەم لە پرۆفایلی شەهید هاوڕێ جەبار وەرگرتوە.

**سەرکەوتی جیهاز**

# تۆ بڵێی خەونەکەی ئەحمەد موختار بەگی جاف بێتەدی؟

## ڕەزا شوان



تێبینی: ئەم نووسینەم لە ساڵی (٢٠١٠) دا، پانزە ساڵ لەمەوبەر، لە سایتەکاندا بڵاوکردەوە. بە دەستکارییەکی زۆر کەمەوە.. دووبارە بڵاوی دەکەمەوە.

شاعیری بەرز و نەمری و دڵسۆزی گەلەکەمان، شاعیری کوردستانپەروەرمان، خوالێخۆشبوو ئەحمەد موختار بەگی جاف « ١٨٩٨ - ١٩٣٥» لە سەرەتای سییەکاندا، شیوەن بۆ کوردستانی دابەشکراو و داگیرکراومان دەکا، لە سوێ و حەسرەتی ئەو ستەم و ناڕەواییەی لە کورد دەکرا. ئاە و ناڵە ناڵی کوردستان پڕدەکا. نکووڵیش لەوە دەکا، کە دادوەری و ویژدان بەرانبەر بە کورد بوونی هەبێت. چونکە هەموو ئەو بەڵێنانەی کە (کۆمەڵەی گەلان) لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بە کوردیان دا، هەمووی درۆ و قسەی ڕووت و هەڵخەڵەتاندن و تەفرەدان بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەد بەگی جاف، هیوادار و گەشبین بووە، بەو ڕۆژەی کە لاوانی کوردمان ڕادەپەڕن و بە زانست و زانیاری و ڕامیاری و پیشەسازی و هۆنەرەوە دێنە مەیدانەوە و لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا، یەکڕیزی و یەکێتی کورد ڕادەگەیەنن و کوردستانی شیریمان لە داگیرکەرانی ڕەگەزپەرست ڕزگاردەکەن. دوای ڕاونان و دوژمن قڕان، مەچەک و بازووی خزمەتکردن هەڵدەکەن، دەست بە کار و بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و جوانکاری کوردستان دەکەن، بە دروستکردنی ڕێگاوبان و شەقام و بە دروستکردنی باخ و باخچە، کوردستان بە کۆشک و تەلار دەڕازێننەوە و دەیکەن بە جوانترین سەیرانگا و بە بەهەشت. لە هەموو لایەکی دنیاوە تۆریست و گەڕیدە، دین بۆ بینینی پێشکەوتن و جوانی و قەشەنگی کوردستان.

پاش قڕانی دوژمنان دەس پێ ئەکەن تەعمیری موڵک
ڕێگەی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە
کێو و کەژ ئەبێتە باخ و جادە و قەسرە ڕێ
بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە

دوو ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا، واتە لە ساڵی (٢٠٠٨) دا، لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و لە سایتەکاندا، زۆر بە گەرموگوڕی باس لە جێبەجێکردی پرۆژەی کێشانی هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری نێوان کەرکووک و سلێمانی دەکرا، ناوی ئەو پارە زۆرەش هێنرا کە بۆی تەرخان کرابوو. باسی ئەوەش کرا، کە دیزاین و نەخشەکەی تەواو بووە. بە داتاش باسیان لەوە کرد، کە چەند پرد دێتە ڕێی ئەم پرۆژەیە و دەبێت دروستیان بکەن. ئەوەش وترا کە ئەم هێڵە، لە کەرکووکەوە بۆ سلێمانی، بە ناوچەی قەرەداغدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە شاری سلێمانی. باسی ئەوەشیان کرد، کە ئەم پرۆژەیە، لەلایەن کۆمپانیایەکی چیکی یەوە جێبەجێ دەکرێت. بەپێی ئەو هەواڵانە دەبوایە لە سەرەتای ساڵی پار (٢٠١٠) دەستیان بە جێبەجێکردن و کارکردن لەم پرۆژەیە بکردایە. لە ڕاستیدا لە سەرەتاوە ئەم مژدەیە زۆر دڵخۆشی کردم. خەونەکەی ئەحمەد موختار بەگی جافم وەبیرهاتەوە، بەڵێنم دا و وتم: ئەگەر هێڵی شەمەندەفەرەکە بگاتە شاری چەمچەماڵ، من لە نەرویجەوە دەگەڕێمەوە و یەکسەر دەچم بۆ هەڵەبجە و دەچمە سەر مەزاری پیرۆزی ئەحمەد موختار بەگی جاف و لە دوای خوێندنی فاتیحایەک بۆ ڕۆحی پاکی، ئەو مژدە خۆشەشی دەدەمێ، وا هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری کوردی بەرەو سلێمانی دێت. کە گەیشت بە ئەوێ، ڕۆژێکیش دێت کە بیگەیەننە شاخەکانی هەورامان و هیوا و خەونکەی تۆ دەهێننەدی.

دوای ئەوەی زیاتر لە دوو ساڵ، بەسەر ئەو هەواڵ و مژدە و باسەدا تێپەڕی. بەڵام بە داخەوە ئەوەی کە باسی لێ نانکرێت و ناوی ناهێنن، باس نەکردنی ئەو پرۆژە ناوبراوەیە. بێگومان دروستکردنی پرۆژەیەکی ستراتیژیی لەو جۆرە، بۆ بەستنەوەی دوو شاری گەورەی کوردستان بە هێڵی ئاسنەوە، سوودێکی زۆری دەبێت و چەندین ناوچەی گرنگی باشووری کوردستانمان بە یەکەوە دەبەستێت. تا ڕێگاوبان و جادەی فراوان و هێڵی ئاسن و هێڵی ئاسمانی، لەنێوان شارەکانی کوردستاندا زۆرتربن، دەبنە مایەی خێر و خۆشی و زیاتر تێکەڵبوون و ئاشنابوونی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە یەکتری، ئابووری و بازرگانیی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە دەوروبەری هێڵەکەوە، دەبووژێنەوە. لە ئەمڕۆدا، فڕۆکە و شەمەندەفەر، دوو هۆی گواستنەوەی گرنگی پێویستی ئەم سەردەمەن، دوو هۆی خێرای پێشکەوتن و شارستانین، دوو هۆی گەشەکردنی ژێرخانی ئابوورین. بۆیە داگیرکەرانی کوردستان ئەم خزمەتگوزارییانە بە کورد ڕەوا نابینن. بە ئەوان بێت ئێمە کورد هەمیشە دەستیان لێ پان بکەینەوە. ئەوان ئاغابن و کوردیش سەپانیان بێت. هەرگیز چاویان بە ژێرخانێکی ئابووری بەهێز و بە پێشکەوتن و بە ئاوەدانی کوردستان هەڵنایەت.

وا دیارە قسەی ڕووت و بەڵێنی زەبەلاح، بۆتە بەشێک لە کولتووری حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، گوێش بە شوورەیی و شەرم و تەریقبوونەوەش نادەن.

دەڵێن سیاسییەکان بەڵینی دروستکردنی پردێک دەدەن، لە شوێنێکدا کە ئاوی لێ نییە. سیاسی و پەرلەمانتارانی کوردیش، تووشبووی هەمان ڤایرۆسی درۆ بوونە.


گەلی کوردمان بێزارەبووە، لەم بەڵین و بڕیارە درۆیانە. ئەو لایەنە شۆڤێنییە ناسراوانەی کە هەمیشە ناحەزی سەرسەختی کوردن. ئەوان نەک هەر ئاوەدانی و پێشکەوتنی کوردستانیان ناوێت. بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پیلانی گڵاوتر دەکەێش بۆ داگیرکردنی کوردستان و بێبەشکردنی کرد لە سادەترین مافەکانی. لە کاتی لاوازی و بێ هێزییاندا، بە برا و هاوئاین و هاوماف ناومان دەبەن، بە زمانی لووس و بە بە زەردەخەنەی ژەهراوی و درۆ و بە بەڵێن و درۆکانیان دەخەڵەتێین. کە خۆیان گرتەوە و بەهێزبوون، بە دوژمن و گومڕا و بە تاوانی جوداخوازی ناومان دەبەن و کۆمەڵکوژمان دەکەن و کوشتنمان بە ڕەوا و بە جیهاد دادەنێن. دزینی ماڵ و سامانمان بە "غنائم الحرب" حەڵاڵ دەکەن، لەژێر دروشمی " سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە".

ئەمە ڕاستیی کولتووری بۆگەن و پەیامی هەڵگرانی دروشمی (ذات رسالە خالدە) ن. چی نەشیاوە و ناشێت بە کوردیان کرد و دەیکەن. کەچی هێشتا بە کەمی دەزانن.

بە داخەوە، کە ئێمەی کورد گەلێکی دڵپاک و خۆشبڕوا و لێبووردەین. دۆژمنانی کورد و کوردستانیش ئەم خاڵەیان قۆستوونەتەوە. سەرانی کوریشمان پەند و وانەیان لە مێژوومان وەرنەگرتوون. بە وردی ناخ و نیازی ڕەشی و گڵاوی دوژمنانیان نەخوێندوونەتەوە. سەرانی کوردمان گەمەکەری سیاسیی نەزانن و لە هونەری سیاسەتدا نابەڵەدن. سیاسەت فڕوفێڵە و ڕەوشتی تێدا نییە، ئەگەر نەتخەڵەتێنم.. تۆ دەمخەڵەتێنیت. سەرانی کورد هەمیشە هەڵخەڵەتاون و دۆڕاوبوونە لە سیاسەت و لە گفتوگۆدا. ئەوەی کە بە دەریایەکی گیانبەخشین و بە خوێن و بە گریان و فرمێسک، بە کیمیاباران و ئەنفالی بەدناو و بە وێرانکردنی کوردستان هێنایانمانەدی. کەچی سەرانی کورد بە ئاسانی و نەزانی لەسەر مێزی گفتووگۆدا دۆڕانیان و هاتینەوە سەر سفر. چونکە سەرانی کورد زۆربەیان نەزانن و کەسی شیاونین لە شوێنی شیاودا. پاشخانێکی سیاسی و بەڕێوەبردن و دیپلۆماتی و پلانێکی ستراتیژیی نەتەوەییان نییە.

ئەوەتا دەسەڵاتی نوێی عێراق، دوای ئەوەی خۆیان گرتەوە، کەرکووکیان داگیرکردووە.

له جیاتیی پرۆژەی هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری نیوان شاری کەرکووک و سلێمانی. پرۆژەی هێڵی شۆڤێنی به عەرەبکردن، له کەرکووکەوه بۆ سلێمانی و بۆ هەولێر دەکێشن. و له دوای بەناوه ئازادکردنی عێراقەوه، یەکسەر پرۆژەی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیموگرافیایی نەتەوەیی له کەرکووک و له خانەقین، بۆ زۆرکردنی عەرەب خستیانه بواری جێبەجێکردنەوه و درێژەی هەیه. ئەمەیه پرۆژەی ستراتیژیی برای عەرەبی چاوڕەشمان، بۆ کەرکووک. که له سەردەمی خەلیفەکانیانەوه تا ئەمڕۆ درێژەی هەیه. سەرانی کوریش قوڕوقەپیان کردووه و فزەیان لێوه نایات. ئێمەی کورد گەلێکی شۆڤێنی و دەمارگیر نین. بەڵام ئێمەش وەک گەلانی تر، مافێکی ڕەوای خۆمانه، که لەسەر خاکی کوردستانی نیشتمانی پیرۆزمان، سەربەخۆیی خۆمان رابگەیەنین و به ئازادی و ئاشتی بژین. تا ئەم هیوا و خواستەمان نەیاتەدی، هیچ لەو گەلانەی کوردستانیان داگیرکردوون، دڵنیابن ناتوانن به ئاشتی و به ئاسوودەیی بژین. تا رۆژێک زووتر دان به کورد و به کوردستان بنێن، له بەرژەوەندیی هەموو لایەکمانه و ئاشتی و سەقامگیری و ئاسوودەییش، باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشن.



## ئەحمەد موختار بەگی جاف

مەکەن مەنعم که وەک مەجنوون خەریکی هاتوچۆی کێوم
پەشێوی لەیلی کوردم تاکوو ڕۆحم دێته سەر لێوم
وەتەن فەرمووی به خەندەی نازەوه هەر وەک پەری وامه
ئەما حەیفێ که چەند ساڵه ئەسیری پەنجەیی دێوم
هەمیسان پێی وتم ئەوسا مەکانی شەخسی عاقڵێ بووم
فەقەت چی بکەم ئەمه چەند موددەته بێ ساحیب و خێوم
دەخیلتان بم وەکوو عارەب، توخوا مەمگۆڕنەوه هەرگیز
به ڕوپیه و پاره هەر چەند ئێستەکه مشتێ چڵوچێوم
بەجارێ ئەمڕۆ جاهیل غاڵبه، عاقڵ بووه مەغڵووب
ڕەفیقان سا نیشانم دەن قوڕێ تا بێم و بیپێوم
له داخی دەهری دوون شەرته بەسەرما گەر بڕووخێ چەرخ
گەلێ نامەردم ئەر شانم لەبەر ئەو باره ببزێوم
له عەرسەی شیعردا، ئەحمەد عەجایب شەهسوارێکه
له مەیدانا بزانه ئەسپی خۆم چۆنی دەئاخێوم

## پێشەکی

نزیکەی پێنج دەیه گەلی کورد بەدەست نکۆڵی و سەرکوتکردن و لەناوبردنی کەلتووری و دەستدرێژی سەربازییەوه دەناڵێنێت دەوڵەتی تورک شەڕی نەک هەر له دژی چەکدارەکان بەڵکو لەسەر ناسنامه و زمان و گوندەکان کردووه ئەمڕۆ، ئەگەر ئاشتی ڕابگەیەنرێت، نابێت سیمبولی بێت. دەبێت پێکهاتەیی، بەردەوام بێت، و لەسەر ڕاستی و دادپەروەری و دانپێدانان بنیات بنرێت. ئەمه خۆبەدەستەوەدان نییه. ئەمه پەرەسەندنه، به مەرجەکانی ئێمه.

ماددەی 1: دانپێدانان و دادپەروەری

1. تورکیا دەبێت به فەرمی دان به بوونی گەلی کورد له سنوورەکانی ئێستایدا بنێت و دان به ناسنامه و کەلتوور و ئازاره مێژووییەکانی کوردیدا بنێت له ژێر سیاسەتی دەوڵەتدا.
2. کۆمیسیۆنی راستی و ئاشتبوونەوه دەبێت لەژێر چاودێری نێودەوڵەتی دابمەزرێت (بۆ نمونه نەتەوه یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا یان وڵاتانی سێیەمی بێلایەن) بۆ لێکۆڵینەوه له تاوانەکان، ئاوارەبوون، سوتاندنی گوندەکان، جەنگی کیمیایی و بەکارهێنانی هێزه نیمچه سەربازییەکان له دژی هاووڵاتیانی کوردی له ساڵی 1980 ەوه.
3. داوای لێبوردنێکی ئاشکرا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوه له گەلی کورد بۆ دەیان ساڵ سەرکوتکردن و پاکتاوی نەژادی و بەتاوانکردنی ناسنامەی نەتەوەیی شەرعی.

ماددەی 2: مافه سیاسی و مەدەنییەکان

4. پێویسته پرۆسەیەکی دەستووری فره نەتەوەیی نوێ دەست پێبکات که دان به کورددا وەک نەتەوەیەکی هاوبەش له کۆماری تورکیادا بنێت و ئۆتۆنۆمی له ناوچه کوردنشینەکان هەبێت.
5. مافی خوێندن به زمانی کوردی له سەرەتاییەوه تا زانکۆ دەبێت له ڕووی دەستوورییەوه مسۆگەر بکرێت.
6. دەبێت هەموو قەدەغەکردنه سیاسییەکانی سەر پارت و سیمبول و کەلتووری کوردی بۆ هەمیشەیی هەڵبگیرێت.

ماددەی سێیەم: سزاکانی سەربازی و زیندان

7 . کشانەوەی تەواوی سوپای تورک له سەرجەم ناوچه شاخاوییه کوردییەکان و هەڵوەشاندنەوەی بنکه سەربازییەکان له ناوچه کوردنشینەکان
8. لێبوردنی گشتی بۆ سەرجەم زیندانیانی سیاسی و چەکدارانی پەکەکه و هەموو ئەو کەسانەی که به پێی یاساکانی دژه تیرۆر زیندانی کراون بەهۆی چالاکی سیاسی ناتوندوتیژی.
9. داماڵینی تەواوی ژیانی سیاسی له کوردستان، لەوانه هەڵوەشاندنەوەی پاسەوانانی گوندەکان و هەموو هێزه نیمچه سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا.

ماددەی چوارەم: ئازادی ڕێبەر ئۆجالان

10. ئازادکردنی دەستبەجێ و بێ مەرجی ڕێبەری کورد عەبدوڵڵا ئۆجالان که لەژێر سەرپەرشتی نێردراوێکی نەتەوه یەکگرتووەکان ئەنجام دەدرێت. دەبێت ڕێگه بدرێت قسه لەگەڵ گەلی کورد بکات و بەشداری له بنیاتنانی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی و ئاشتی داهاتوودا بکات
11. هەر ئاشتییەک دەنگی ڕێبەر ئۆجالان دوور بخاتەوه، خەیاڵه. ئەو پیاوەی که ئێوه زیندانیتان کردووه هەمان ئەو پیاوەیه که کلیلی کوژاندنەوەی ئاگرەکەی بەدەستەوەیه. بەبێ ئازادکردنی بەرخۆدان بەردەوام دەبێت.

ماددەی پێنجەم: گەرەنتی نێودەوڵەتی

12. پرۆسەی ئاشتی دەبێت لەلایەن دەزگایەکی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی چاودێری و گەرەنتی بکرێت و چاودێرانی بیانی له ناوچه سەرەکییەکانی کوردستان جێگیر بکرێن بۆ دڵنیابوون له پاراستن و متمانه.
13. هەر پێشێلکارییەک لەم ڕێککەوتننامەیه لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوه دەبێته هۆی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، به پاساوی تەواو بەپێی یاسای بەرگری نێودەوڵەتی.

ئێمه کۆتایی به بەرگری ناهێنین چونکه لاوازین. ئێمه کۆتایی پێدەهێنین چونکه داوا دەکەین به شکۆمەندی بژین. شەڕمان کرد بۆ ئەوەی گوێمان لێ بگیرێت. ئێستا ئێمه گفتوگۆ دەکەین بۆ ئەوەی ئازاد بین.


پەکەکه تەنیا کاتێک چەک دادەنێ که ئەم مەرجانه جێبەجێ بکرێن و میکانیزمی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردن و گەرەنتییان دابنرێت. تا ئەو کاتە، ئێمه له خەباتی چەکداری بەردەوام دەبین.



ئەگەر هاتوو
تورکیاش ڕازیبوو
له ماوەی 18 مانگ
کۆتایی به خەبایی
چەکداری دەهێنین.

باهۆز قەرەنی

# ئەنفال خەمێک لە کۆژانەکانی نیشتیمان



ئەحمەد حمەساڵح

ڕاگواستن، ڕوخاندن، سوتاندن، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، ئەنفال و کیمیاباران، کە بەدرێژایی مێژو دژی نیشتیمانە پەرت و گەلە پەژموردەکەمان ئەنجامدراون، بەشێکن لەسامناکترین و پڕ سوێترین روداوەکانی جینۆسایدی کوردان، لە نێو ئەو تۆمارە مێژوییانەی، کە دژە بە کوردبونماندا ئەنجامدراون، ئەگەر بە تەنها ڕۆژە تاڵەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بخوێنینەوە و بیر خۆمانی بێنینەوە، ئەوە ئەنفال کە یەکێکە لە زامەکانی نیشتیمانە هەتا ئیمڕۆش کاریگەرییەکانی بەردەوامە..

چەمکی ئەنفال

وشەی ئەنفال زاراوەیەکی ناو قورئانە و بە واتای (غەنیمە - دەستکەوت) دێت، زانایان دەڵێن ئەنفال بەو ماڵ و سامان و ئاژەڵ و کەلوپەلانە دەوترێت کە لە سەردەمی خۆیدا شەڕکەرەکانی موسوڵمانان لە شەڕدا بەدەستیان هێناوە، وشەی ئەنفال کە ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزە، زەمینەی هاتنە خوارەوەی دەگەڕێتەوە، بۆ دوای جەنگی بەدری گەورە لە ساڵی دوەمی کۆچی بەرامبەر ساڵی (٦٢٣) زاینی، وەک لەو کورتە باسەی سەرەوەدا دیارە، ئەنفال لە ناوبردنی مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵام لای بەعسیەکان مرۆڤ تاکە ئامانج بووە، ڕژێمی بەعس لە دوای (١٣٦٥) ساڵ، لە بەر چاوی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەو سورەتەی بە دیدێکی عەرەبیانە و بەعسیانە لەسەر میللەتی کوردی موسوڵمان جێبەجێی کرد.

کورتەیەک لە مێژوی ئەنفال

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی بەعسیەکاندا، لەبەردەوامی ڕاگواستن و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری، و بەسوک ونزم سەیرکردنی ژیان و کەسایەتی‌تاکی کوردی، لە نیشتیمانێکی سوتاودا کۆمەڵگایەکی ڕاگوێزراوی تەعریبکراوی ئەنفالکراوی بێکارکراو هێنرایەبون، لەو سەردەمەدا بەعسیەکان بە سەرۆکایەتی سەدام حسین و سەرکردایەتی مەیدانی لیوا روکن سوڵتان هاشم کە وەزیری بەرگری بووە، هێزە سەربازیەکان و بەعسیە چەکدارەکان و کوردە جاش خەفیفەکان کە بە فەرماندەیی موستەشارەکان لە فەوجەکانی بە ناوبەرگری نیشتیمانیدا ڕێکخرابون، لە (شوبات تا ئەیلولی ١٩٨٨) لە گەرمیان و لە کوێستانەکانی نیشتیماندا، شاڵاوەکانی ئەنفال بە دڕندانەترین شێوەکانی سوتاندن، ڕوخاندن، وشککردن، گرتن، گوشتن، کاولکاری وتاڵانکاریەکان ئەنجامدرا، لە نیوە شەوێکی شوباتی (١٩٨٨)، لە تاریکی شەو و لێزمەی باراندا گوندەکانی دۆڵی جافایەتی بە دەنگی فڕۆکە و ناڵە و زرمەی ڕاجیمە بە ئاگاهاتن، ئەمە یەکەم تەقەی یەکەم قۆناغی شاڵاوەکانی ئەنفال بوو، کە بەعسیەکان لەپێدەشت ودۆڵ و چیاکاندا لە نزیکترین تا دورترین ئاوەدانی، لە تەواوی ناوچەکانی سۆرانی مەڵبەندی کوردایەتی وخەبات و تێکۆشانەوە، تا دوا تەقە لە دەڤەری بادینانی دڵڕفێن و خۆڕاگرەوە، بە هەشت قۆناغی یەک لەدوای یەک مێژویەک، لەدڕندانەترین شاڵاوی وەحشیگەرانە دژی نیشتیمانی کوردان تۆمارکرا، لە ئەنفال و بەردەوامی سیاسەتی سوتماککردنی خاکدا، هەزارەها خانوو، سەدەها قوتابخانە، مزگەوت و نەخۆشخانە خاپور و وێران کران، ئەمە جگە لەسوتاندنی ڕووبەرێکی بەرین لەڕەز، باخ، لەوەرگا، زەوی دێم و بەراو، وە تەقاندنەوەی ئەستێڵ و کارێز و بیرو کانیاوەکان، وە بەتاڵان بردنی هەزارەها سەر پەلەوەرو مەڕوماڵات، لە هەموو ئەمانە زیانبارتر شەهیدکردن وگرتن و بێ سەروشوێن بوونی، هەزارەها گوندنشین بوو، کە چارەنوسیان تا ڕوخانی ڕژێمی بەعسیەکان بە نادیاری مابویەوە، لە(٢٠٠٣) بەدواوە خەم و ئازارەکانمان لێرەو لەوێ لە زیندانی نوگرەسەلمان و لەبیابانەکانی عەرعەر و ناوچە لماویە چۆڵەکانەوە، ئێسک وبروسک هاواریان کرد، نێر و مێمان لەمنداڵەوە تا گەورەمان، بەپاتەی لاستیک وجل و بەرگی ڕزیودا بمانناسنەوە، کە کوردانی ئەنفالکراوان.

لێرەدا پێویستە لە مێژووی کۆمەڵکوژیەکانی کوردانی باشووردا، ئەوەش بیربخەینەوە، کە لەساڵانی( ١٩٦٨ بۆ ١٩٨١ )کوردە فەیلیەکان بە چەند قۆناغێک و لە چەند ڕێکارو شێوەیەکدا ڕووبەڕووی شاڵاوەکانی ڕاگواستن و لەناوبردن و جینۆساید بوونەتەوە، هەروەها ڕژێمی بەعسیەکان لە ١٩٨٣/٧/٣١دا، هەشت هەزار هاوڵاتیی سڤیلی بارزانییەکانیان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە، بەحرکە، هەریر و دیانا، بەرەو بیابانەکانی عێراق ڕاپێچ کرد و دوور لە هەموو بەهایەکان زیندەبەچاڵ و شەهیدی کران.

هۆکار و ئەنجامەکانی ئەنفال

حکومەتی بەعسیەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن، بەهۆی جەنگی بەردەوامی لەگەڵ کورد و جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، لە کۆتاییی جەنگی ئێران، عێراقدا، شاڵاوەکانی ئەنفالی ئەنجامدا. لەو کۆمەڵکوژییەدا نزیکەی(١٨٢٠٠٠) کورد کوژرا و، زیاتر لە (٤٥٠٠) گوند وێرانکرا، ڕژێمی بەعس بەمەبەستی نەهێشتنی شوێنی حەوانەوە و داڵدەدانی هێزەکانی پێشمەرگە، سیاسەتی زەوی سوتاو (ارض المحروقه) ی بەکارهێنا، بەعسیەکان لە سیاسەتی سوتماک کردنی خاک دا، بەتایبەتی لە سەروبەندی ئەنفالدا، بە پیلانێکی نەخشە بۆ کێشراو ئەوەندەی بۆی کرا، خاکی بە پیتی دەکردە شوێنی نیشتەجێبون یان ئۆردوگای سەربازی یان کێڵگەی بە مین چێنراو، وەک لە دەرئەنجامدا بینرا ، بەعسیەکان مەبەستی درێژخایەنیان لە ڕاگواستن و ئەنفالدا، بریتی بووە لە داهێزرانی کەلپورو، ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی نەتەوەیی و میلیی گەلی کوردستان، هەروەها بەئاراستەی نەمانی کەرتی کشتوکاڵی، کاریگەری لە ژێرخانی ئابوری گوندەکان کرد، تا نەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن، هەروەها بەخرکردنەوەی خەڵکی کورد لە نێو ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، گەلێکی بێکاری هێنایەبون، لە گرنگترین هەوڵی بەعسییەکانیش، کاڵکردنەوەی ئینتیمای نەتەوەیی و وەلائی نیشتیمانی گەلی کورد بووە، تا بە ناچاری تاکی کوردی ڕازی بکات، بە کۆیلەداری حیزبی بەعس و شێواندنی نرخ و بەها و نەریتە باشە کۆمەڵایەتیەکان.

بەردەوامی کاریگەریەکانی ئەنفال

ئاشکرا و سەلمێنرا، کە ئەنفال بەتەنها لەڕوی سیاسیەوە، پرۆسەیەکی شێواندن و لە ناوبردن و جینۆساید نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراوی گشتگیر بووە، لە ڕوی دەرونییەوە تێکشکاندن و ترساندنی کەسایەتی تاکی کوردبووە، لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە لە ناوبردنی بەها و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بووە، لەڕوی ئابوریەوە تێکدان و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری بووە، کە تائیمڕۆش کاریگەرییەکانی ڕاگواستن و ئەنفال لە بوارەکانی (دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە) دیارو بەرچاون.

ئەوەی تا ئێرە خستمانەڕو گێڕانەوەیەکی خێرایی ئەو کارەساتە و دەرئەنجام و هۆکارو کاریگەریەکانە بوو، کە بەداخەوە سەرەڕای تێپەڕینی چەند دەیەیەک بەسەر ئەو کارەساتەدا؛ کەچی

*هێشتا گشت سەرانی تاوانبارانی ئەنفال نەبراونەتە بەردەم دادگاکان. ١٠ی نیسانی (٢٠٠٩) لە سەروبەندی دادگاییکردنی سەرانی بەعسدا، هەموان لە ناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات، کەچاودێری گێڕانەوەی چیرۆکە تراژیدیاکانی شاڵاوەکانی ئەنفالیان دەکرد، گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە ئەنفال وەک هەر دوو تاوانی، هۆڵۆکۆست، لە ساڵانی ( ١٩٤١-١٩٤٥)، کە جولەکەکان لەلایەن ڕژێمی نازی ئەڵمانییەوە جینۆسایدکران، وەکۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان لە ساڵانی( ١٩١٥-١٩١٧)، کە لە سەردەمی سوڵتان عەبدالحەمیدی دوەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان ئەنجامدرا)، وە وەک هەمو ئەو تاوانە کۆمەڵکوژیانەیە، کە لە جیهاندا دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدراون، لە دادگاوە سەلمێنرا، سەرباری ئەو تاوانکارانەی، کە لە خولی یەکەمی دادگا ئامادەبون، (٤٢٣)تاوانباری دیکەش دیاریکران، کەڕاستەخۆ بەشداریان لە ئەنفالدا کردوە، لەکۆی ئەو تاوانبارانە کە بە کردارجێبەجێکاربوون، (٢٥٨) تاوانباریان موستەشارو چەکداری کوردی بەعسی بون، کە لە ١١ی ئابی ٢٠١٠ بە ژمارە(س/١٠/٨٣) لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرکرا، ئەو بڕیارە و کۆی هەوڵەکانی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئەنفال، بونە مایەی دڵخۆشی کەسوکاری ئەنفالکراوان،

بەڵام تا ئیستا نەک ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو ئەو تاوانبارانە لە ژیاندا مابن یان نا، لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات بن، لە سایەی دەسەڵاتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردیماندا، لە لێپێچینەوەی یاسایی و نیشتیمانی پارێزراون، و لە چەواشەکارییەکانی سیاسەتدا پلەی بەرزی حیزبایەتی و کۆمەڵایەتی و سەربازیان پێدراوە، ئاشکرایە هەتا ئیمڕۆش دەربازبون و دادگایی نەکردنی ئەو تاوانکارانە، بەکردار بووە دەستپێکی هەنگاوەکانی سەپاندنی سالارێتیە حیزبی، خێڵگەرایی وتاقمگەرایەکان وە لاوازکردنی متمانە بەشکۆداریەتی خاک وخەڵک، ئەو ڕەوشە نەک هەر بارێکی دەرونی شێواوی بۆ مرۆڤ دۆستان و نیشتیمان پەروەران دروستکردوە، بەڵکو دەستگیرنەکردنی موستەشارەکان و مەفرەزە خاسەکان، کە ئیرادەیەکی سیاسی لە پشتەوەیە و حاڵەتێکی ئاسای نیە. گومانەکان فراوان و پڕ وەهم دەکەن، لەوە دەچێ کورد وتەنی قسەی تر رابکێشێ، کە ئاشکرابونیان لە سودی حیزبەکان و ژمارەیەک لە کارەکتەرە بەناو پێشەنگ و بەناو نیشتیمانیەکان نەبێ، کە خوازیارم وانە بێت.

*هێشتا ئاوەدانی و بوژانەوەی کەرتە بەرهەم بەخشەکان هەر خەونە. سەلمێنراوە کە پێش شاڵاوەکانی ئەنفال، هێزی کار لەو ناوچانەدا، توانیبوی ئابورییەکی خۆبژێو، وە پشتیوانیەکی بە هێزیش بۆ شۆڕشەکان دابین بکات، لە دوای راپەڕینی بەهاری (١٩٩١) پێشبینی تاکی کوردی بوو، کە خاوەنکاران ببونایەتەوە بە بەرهەمهێن، بەڵام بە هۆی نەبون و کارانەبونی بەرنامەیەکی تۆکمە بە ئاوەدانی لە پێناو بوژانەوەدا، هەنگاوەکان بە رێژەیەکی دڵخۆشکەر مژدەبەخش وسەرکەوتوو نەبون، بەداخەوە هەتا ئیمڕۆش زۆرێک لە دەڤەرەکان شوێنەواری هەر وەک ساڵانی هەشتاکانە، گوندەکان هەر بە وێرانی یان نیمچە ئاوەدانی ماونەتەوە، ئەو ڕەوشەش لە بازنەی بەرنامەی ئاوەدانی و ئابوریدا، واتای نەبون و کارا نەبونی سیاسەتی بەهێزکردنی پایەکانی ژێرخانی ئابوریە، دەرئەنجامیش وەک چاوەڕوان ئەکرا ئەم ڕەوشە شێواوەی کەمی و نەبونی لێ بەرهەم هات، دەمێ ساڵە لە تەک خەم و فرمێسک و هەنسکەکانی ئەنفالدا، ئاوەدانی، خوشگوزەرانی و بنیاتنان وەک دروشم لە فەرهەنگی سیاسیەتی حیزبەکان و حکومەتدا بونیان هەیە، لە هاوکێشەی ئاوێتەبونی خاک و ئاو و هەوا، هێز و بیری کار، سامان و داهات، لە پێناو بنیاتناندا بەرنامەی جۆراو جۆریان خستەڕو، بەڵام لە واقیعدا بۆ هێنانە کایەی ژێرخانێکی بەهێز کە لە ئاستی شکۆی نیشتمان و مرۆڤایەتیدا بێت، نەک هەر کار نەکرا، بەڵکو وڵاتیان پڕ کێشە و کێشەکانیان ئاڵۆزتر کرد، بەداخەوە لە خەونی هەرێمێک لە ئاوەدانی، بووینەی خاوەنی هەرێمێکی پر لە قەیران، ئەم ڕەوشە نەخوازراوە نانیشتیمانیانە، جگە لە بەردەوامیدان بە ئامانجە درێژخایەنەکەی بەعسیەکان، هیچی تر نییە، ئەگەر لە ساڵانی (١٩٩١ تا ٢٠٠٣) دەسەڵاتداران هەرێمەکەمان حەقێکی ناحەق بە خۆیان بدەن کە سەرکەوتوانە ئەو سەردەمە پڕ لە دژایەتی و نەهامەتیانەیان تێپەڕاند، ئەوەلە (٢٠٠٣) بەدواوە، دەبوو حیزبەکان وحکومەت بەدوای دروستکردنی هەیبەتی خۆیانەوە بوونایە، نەک شکست لەدوای شکست، ولەدوا وێستگەی خۆ بچوکردنەوەدا، هاتنی موچەی مانگانە لە بەغدادەوە ببێتە تاکە دەستکەوتوو و گەرمترین هەواڵی ڕۆژ .

بەکورتی

لە نێو کۆژانەکانی نیشتیماندا، بەداخەوە ئەو ڕاستیە سەلمێندرا، کە حیزبەکان وحکومەت لە خەونی سالارێتی حیزب وخێڵگەرایی و تاقمگەرایدابن، کە دەسەڵاتێک لە هەوڵی سڕینەوەی چەمکی هاوڵاتیبون و دیموکراتی و دادوەرێتیدا بێت، کە پێشنگە سیاسیەکان، لە پێشبڕکێی وابەستی دەرەکی و قاچاغچێتییەوە، بوونە سیاسەتباز و بازرکانی سیاسی، هیچ کێشەو قەیرانێک چارەسەر ناکرێت، بۆیە هێشتا نەک هەرشوێنەواری کارەساتە مێژویەکان دیارو ماون، بەڵکو دەیەها قەیران وکارەساتی ترخوڵقێنران، کەهێندەی ئەنفال جەرگبڕ و کارەساتبارن، بەداخەوە بۆ تۆماری مێژویەکی ڕەش، لە لاپەرە سپیەکانی مرۆڤایەتی و نیشتیماندا، کەهەرێمەکەمانی کردە بالایەک لە تەم و تەمێک لە خەم و خەمێک لە کۆژانەکانی نیشتیمان.

## قەڵەم

## ستار ئەحمەد



مەرەکەبێکی رژاوی
هەموو رۆژێ
قەڵەمەکەم
تینوێتی خۆی پێت دەشکێنێ
کەدێت شیعرێك ئاڵێ بنووسێ
یەکانگیری باڵات دەبێ
چی دەربڕێ چی نەخشکا
لەتۆ دەچێ
پەڕە نەما
بەلێوی ئەم قەڵەمەی من ئاشنا نەبێ
چەندین شیعر لەناخیدا
بوونە سوتماك هاتنە دەرێ
هەتا ئیستا نەیتوانیوە
پەی بەجوانی و
رازو مەبەستی تۆ بەرێ
زۆر گۆرانی لە جگەریا توانەوە
گەلێك داستان
لەهزریدا تۆمارکران
لەگەلێ ساتا سرانەوە
نەیانتوانی باسی ئەوینمت بۆ بکەن
زاتی نەکرد بەوشەیەك
ناوت بەرێ
کاتێك دەنووم
لەتەنیشتم پاڵی دەخەم
لەشەوانە زۆر وەڕسە
تیلەی دیدەی خەو نابینێ
هەتا دەگاتە دەمبەیان ورك دەگرێ
بەرۆژ لەبەرکمی دەخزێنم
کەدەستی بۆ درێژ دەکەم
لەشوێنی خۆیا نایبینم
هەمیشە بەدوایدا وێڵم
ئەویش سۆراخی تۆ دەکا
قەڵەمەکەم
لەخۆم زیاتر شەیدات بووە
چی بنووسێ
چی نەخشکا
کت و مت هەر لە تۆ دەکا



# قەیرانی پەروەردەیی، قەیرانی ژیانە

ڕەووف محەمەد ئالانی


دەکرێ قەیران بەگشتی بناسێنین، قەیران جۆرێکی دیاریکراوی کێشە یان بارودۆخێکە کە تاک، خێزان، گروپ، یان کۆمەڵگە بەرکەوتەی لەگەڵی دەبێت. کەواتە قەیران بریتیە لە دۆخێکی کێشەدار کە پێویستی بە کاردانەوە لە لایەن بەرکەوتوانی ئەو دۆخە هەیە، بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی سەقامگیری خۆی، دیارە ئەویش بە ئاسانی ناچێتەوە دۆخە ئاساییەکەی پێشووی تا نیازپاکی و خەم ودڵسۆزی و پلان نەبێت، کە بەو شێوەیە هاوسەنگی بۆ دەگەڕێتەوە. زۆر جار قەیرانەکان دەبنە مایەی چاکردن و جوانکردنی خراپیەکان، ئەگەر بە ووردی بەدواداچوونیان بۆ بکرێت و چارەسەربکرێن، لەبەر ئەوەیە ئەڵمانیەکان کردویانە بە پەند و دەڵێن: (تانە و توانج لە قەیرانەکان مەدە، بەڵکو سوپاسیان بکە).
ماوەی دەساڵ زیاترە قەیران و ئاڵۆزی کارگێڕی و دارایی و ئابوری یەخەی هەرێمی کوردستانی گرتوە، ساڵ لە دوای ساڵ ئەو ئاریشانە گەورەتر دەبن و دەلاقەی پڕ مەترسی لەنێوان دەسەڵاتداران و خەڵکی هەرێمەکە دروست دەکەن. بەڵام ئەوەی بۆتە جێی سەرنجی ڕەخنەگرانەی من و کەسانی تریش، بوونی دووڕیانێکی دووئاراستەیە، ئەوانیش ئەمانەن:
١- دەسەڵاتدارانی هەرێم پەروەردەیان لا گرنگ نیە و بەو شێوە خراپەی هەیە گەرەکیانە
٢-توانای چەرەسەرکردنی گرفتەکانیان نیە و نایانەوێ دان بە شکست و شێوازی خراپی بەڕێوەبردنەکەیاندا بنێن، پێیان شەرمە بڵێن گەندەڵی و خراپی حوکمڕانی وەک کرم دارەکەی دارزاندووە
و تازە پاککردنەوە و چارەکردنی بۆتە ئەستەم.
لە وتارو بۆچونەکانی پێشوومدا کە بڵاوم کردونەتەوە، زۆر لە گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی پەروەردەم باسکردووە، ئەمجارە باسی قەیرانی پەروەردەیی دەکەم،
قەیرانی پەروەردەیی ئەو گرفت و ئاستەنگانەن کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکانی پەروەردە دەبنەوە لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان لەمپەر دروست دەکەن. ئەم گرفتانەش چەند لایەنێک لەخۆ دەگرن لەوانە:
1- کوالیتی لە پەروەردەدا: نەبوونی کوالیتی پەروەردەیی دروست، یەکێکە لە گرنگترین ئاستەنگەکان کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکانی پەروەردە دەبنەوە، چونکە ناتوانریت پەروەردەیەکی ئاست بەرز و کوالیتی باش دابین بکرێت، کە پێداویستییەکانی پەروەردە بۆ قوتابیان وخوێندکاران و کۆمەڵگە فەراهەم بکات.
2- بەرپرسیارێتی پەروەردەیی: ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرکەوتنی دامەزراوەکانی پەروەردەدا دەگێڕێت، چونکە بەرپرسیارێتی پەروەردەیی لە ئەستۆیەتی ژینگەیەکی فێربوونی هاندەر دابین بکات، ڕۆڵی قوتابیان خوێندکاران پەرە پێبدەن.
3- سەرچاوەکان و هۆکارەکان: هەبوونی سەرچاوە و هۆکاری پێویست بەشێکن لە گرنگترین لە کەمکردنەوەی ئاستەنگەکان کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکانی پەروەردە دەبنەوە، چونکە دەبێت ئامێر، هۆی فێرکردن و ژێرخانی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دابین بکرێن.
٤- ڕاهێنان وخولی بەردەوام: نەبوونی ڕاهێنانی بەردەوام ئاستەنگێکی ترە کە ڕووبەڕووی بەرپرسانی پەروەردە دەبێتەوە، چونکە بەبێ ڕاهێنان و خولە پەروەردەییەکان، ئاقارو ئاراستەی پەروەردە دەچێتە دۆلێکی نادیار، بۆیە بە هۆی ئەو ڕاهینانانەوە، ئاگاداری پێشکەوتنەکانی بواری پەروەردە دەبین و توانا و کارامەییەکانی مامۆستایان پەرە پێدەدرێت و دەگەیەنرێت بە قوتابیان و خوێندکاران لەو ڕێگەیەشەوە زووتر و نزیکتر گەیشتن بە ئامانجەکان دەبینرێت.
ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی پەروەردە دەبنەوە لە جیهانی سێیەم یان وڵاتانی دواکەوتوو بریتین لە:
1-گەندەڵی: گەندەڵی یەکێکە لە گرنگترین کێشەکانی پەروەردە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، چونکە کاریگەری لەسەر کوالیتی پەروەردە هەیە و دەرفەتی خوێندن بۆ منداڵان سنووردار دەکات
2-نەبوونی پلانی زانستی و کارپێنەکردنی توێژینەوە گرنگ و پڕ بایەخەکان
٣-دیاری نەکردنی بودجە و داهاتی پێویست بۆ سێکتەری پەروەردە
٤-دەست خستنە ناو دامەزراوەکانی پەروەردەوە لە لایەنی سیاسی و کەسە دەسەلاتدارەکانەوە
٥-پشتگوێخستنی داوا و خواستی بژێوی و ژیانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە.
ڕوون و دیارە کە قەیرانی پەروردەیی کاریگەری زۆر لەسەر لایەنەکانی ژیان دەکات لەسەر ئاستە
جیاوازەکانی کۆمەڵگە، وەک لایەنەکانی:
أ- ئابوری: ڕەنگرێژی دیاریکردنی ئاستی گەشەکردن و بنەمای خۆشگوزەرانی دیاریدەکات. کاتێ
لایەنی ئابوری لەقەیرانەکەوە دەگلێت، ئەم دەرهاویشتانەی لێدەبینرێت:
1- کەمی هێزی مرۆیی: قەیرانی پەروەردەیی دەبێتە هۆی کەمی هێزی مرۆیی شایستە، ئەمەش
کاریگەری لەسەر ئابووری دەبێت.
2- کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان: قەیرانی پەروەردەیی دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان،
ئەمەش کاریگەری لەسەر ئابووری دەبێت.
3. زیادبوونی تێچوون: قەیرانی پەروەردەیی دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچوون، ئەمەش
کاریگەری لەسەر ئابووری دەبێت.
ب- گەشەپێدانی زانستی: قەیرانی پەروەردەیی سەردەکێشیت بۆ خاوبوونەوە و لاوازی گەشەی زانستی
لەناو کۆمەڵگەدا، بەردەوامی ئەم قەیرانە دواکەوتن و وەستان لە گەشەی زانستی بەدوادادێت.
وتارەکەم بە وتەیەکی (ئەنتۆنی ڕۆبنز)کۆتایی دێنم کە لەسەر چارەسەری کێشە و گرفت وتویتی:( ژیان بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشەکان، یان شکستت پێدەهێنن یان دەتکەنە کەسێکی گەورە، ئەوە خۆتی بڕیارئەدەیت).





# گرنگی پەروەردە

## وەرگێڕان و ئامادەکردنی لە ئینگلیزییەوە:



چنار عەزیز

پەروەردە یەکێکە لە ئامرازە بەهێزەکانی ژیانی ئێمە، دەرگای دەرفەتەکانمان بۆ دەکاتەوە، یارمەتیمان دەدات لە جیهانی دەوورووبەرمان تێبگەین. با سەیر بکەین و بزانین بۆچی پەروەردە گرنگە و چۆن یارمەتی خەڵکی دەدات؟

پەروەردە چییە؟

پەروەردە پرۆسەی فێربوونی کارامەیی نوێ و زانیارییە، تەنیا لەناو فێرگەکان و زانکۆکاندا روونادات بەڵکو لە هەموو شوێنێک ڕوودەدات. واتا لە ماڵەوە، لە شوێنی کار و تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشماندا. پەروەردە یارمەتیی گەشەی مێشکمان دەدات و یارمەتیمان دەدات وەک تاک و خاوەن کەسایەتی و کەسێکی متمانە بەخۆبوو گەشە بکەین.

بۆچی پەروەردە گرنگە؟

خەڵکی بەهۆی پەروەردەیەکی باش کارە باشەکان دەدۆزنەوە، دەتوانن بەهۆی پەروەردەوە داهاتێکی زیاتر بەدەست بخەن و پیشەی جێگیریان هەبێت، لە هەمان کاتدا خاوەن کارەکان بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێن کە زانیاری و کارامەیی زیاتریان لە بوارەکەدا هەبێت.

گەشەی کەسایەتی

پەروەردە یارمەتیمان دەدات خۆمان و جیهان بناسین، فێرمان دەکات چۆن بە هۆشێکی کراوە بیر بکەینەوە، کێشەکان چارەسەر بکەین، بڕیاری باش بدەین، ئەم لێهاتووییانە بۆ هەموو بەشەکانی ژیان بەسوودن

کۆمەڵگەیەکی تەندروست

کاتێک خەڵکێکی زۆری کۆمەڵگە خوێندەوارن، تەواوی کۆمەڵگە سوودمەند دەبن. پەروەردە دەبێتە هۆی تەندروستییەکی باشتر، کەمترین تاوان، گەشەسەندنی ئابووری زیاتر.

تێگەیشتن لە یەکتر

فێربوون و ناسینی کلتووری جیاواز، ئایدیا، شێوازە جیاوازەکانی ژیان، یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لە یەکتر و ڕێزگرتنی یەکتر، ئەمەش دەبێتە هۆی درووستبوونی ئاشتیخوازی لە جیهاندا و کارکردن بە یەکەوە و هاوکاریکردنی یەکتری.

جۆرەکانی پەروەردە

پەروەردەی فەرمی

ئەم جۆرە پەروەردەیە لە فێرگەکان و زانکۆ و کولێژەکان ڕوودەدات. فێرخوازان پەیڕەوی پرۆگرامێکی دیاریکراو دەکەن و دواجار بڕوانامە بەدەستدەهێنن.

پەروەردەی نافەرمی

ئەم فێربوونە لە دەرەوەی پەروەردەی فەرمی ڕوودەدات، واتا لە دەرەوەی فێرگەکان و زانکۆو کۆلێژەکان. کە بریتییە لە خێزان، هاوڕێ، کتێبەکان، ئینتەرنێت، ئەزموونی کەسی.

فێربوون لە تەواوی ژیاندا

پەروەردە بەردەوامە بە درێژایی ژیاندا، واتا ناوەستێت کاتێک فێرگە تەواو دەبێت. فێربوون بە درێژایی ژیانمان یارمەتیمان دەدات بۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و گەشەکردنی مرۆڤایەتی.

ئاستەنگەکان لە پەروەردەدا

زۆربەی خەڵکی لە سەرانسەری جیهان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە بۆ بەدەستهێنانی خوێندنێکی باش.

هەژاری و کەمی داهات

- نایەکسانی جێندەری
- جەنگ و پێکدادانەکان
- خراپی لە کواڵێتی وانەگوتنەوەدا
- کەمئەندامی و پێداویستی تایبەت

کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە یارمەتیمان دەدات بۆ دروستکردنی پەروەردەیەکی کواڵێتی بۆ هەمووان.

ئەنجام

پەروەردە زیاترە بە بەراورد بە فێرگەکان و بەدەستهێنانی نمرەیەکی باش. ئەمەش پەیوەندی بە گەشەکردنی مروڤ و بونیادنانی داهاتوویەکی باشتر و تێگەیشتنی زیاتری جیهانەوە هەیە. هەموو کەسێک سوودمەند دەبێت تا لەڕێگەی پەروەردەوە فێر بێت و گەشە بکات.

×××××××

# سیفەت و تایبەتمەندیەکانی قوتابی بەهرەمەند و مامەڵەکردنی قوتابخانە لەگەڵیدا

عمـــــر محمود پـیرۆت
سەرپەرشتیاری خانەنشین

کۆمەڵێک لەوسیفەتانەن کە قوتابی بەهرەمەند لە هەر قوناغێکی خوێندندا هەیەتی و لەوانی تری جیادەکاتەوە .

جیاواز واتە تواناو حەزو ئارەزوی هەندێ بواری هەیە وەک [ مۆزیک ، وێنەکێشان ،نوسین ، وەرزش . وتاربێژی .....هتد ]

ئەم توانایانە وادەکات خاوەنەکەیان خاوەن بەهرە بێت .

دەکرێ قوتابی بەهرەمەند لە قوتابی تر لەمیانەی ئەمانەی خوارەوە جیا بکەینەوە :

- ئاستێکی بەرزی ڕێزگرتنی لەخۆی هەیە ، بەهۆی ئەو توانا ئەقڵیە بەرزەی هەیەتی .
- لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە دواناکەوێ کە دەخرێتە ئەستۆی .
- هەست و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێی هەیە .
- هەندێ لە تایبەتمەندی زیرەکی و بەردەوامی و سور بون لەسەر بەردەوامی کارکردن و هاوسەنگی هەڵچونی و ئارامی دەرونی و وایلێدەکات ، بکرێ پشتی پێ بەسترێ لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان .
- حەزی زانینی زۆرە دەربارەی هەموو ئەو ئەزمونانەی خۆی تاقینەکردونەتەوە .
- حەزی جیاکردنەوەی هەیە و هەموو ئەوەش وایلێدەکات ،سەرکەوتوو بێت لە سەر ئاستی زانستی و ئاستی بەدەستهاتووی خوێندن .
- خاوەن سامانێکی زۆری زمانەوانیە .
- دەتوانێ بەڕون و ئاشکرایی گوزارش لە ڕاو بۆچونەکانی بکات ، بەشێوەیەک کە سەروئاستی تەمەنی خۆیەتی .
- لە بیرۆکەکانیدا سەربەخۆیەو وابەستە نیە .
- لە هاوتەمەنەکانی خۆی جیاوازە ، بەتوانا ترە لە دروستکردن و ئەنجامدانی شتەکان .
- بیرکردنەوەی داهێنەرانەی هەیە .
- توانای سەرکردایەتیکردنی گروپی هەیە .

مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابی بەهرەمەند :

قوتابی بەهرەمەند کەمتر حەزی لە خۆدەرخستن و شانازیکردنە بەخۆیەوە .

بەلام ڕێزگرتنی مەعنەوی گونجاوی پێخۆشە .

دەشێ حەزی لە تێکەڵاوبونی هاوڕێکانی قوتابخانە نەبێ ، بەلام ئەو یاریانەی پێباشە کە بەیاساو ڕێسا ڕێکدەخرێن .یان ئەو یاریە ئاڵۆزانەی بیرکردنەوەی زۆریان دەوێ .

توانای ئاڕاستەکردنی ڕەخنەو بەشداری لە گفتوگۆی بابەتیدا هەیە .

دەکرێ پشتی پێ بەسترێ لە بیرکردنەوەی نوێ و دەگمەن و نائاسایی .

توانای بەردەوامی لەکاردن هەیە و لەشکستخواردن یان سەرنەکەوتن لەکارێکدا بێزار نابێ . بەردەوام دەبێ لە هەوڵدان تا سەردەکەوێ .

پێی خۆشە خەڵکانیر دوایکەون ،نەک بەپێچەوانەوە ئەو دوای خەڵکانیتر بکەوێ .

توانای گەورەی هەیە لە تێبینیکردن و دەرکپێکردنی ئەو وردەکاریە بچوکانەی کە هاوکارن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

تایبەتمەندیەکانی قوتابی بەهرەمەند :

قوتابی بەهرەمەند چەندین تایبەتمەندی هەیە لەوانە :

توانای گەورەی هەیە لەشیکردنەوەو گشتاندن و تێگەیشتنی ماناو بیرکردنەوەی لۆژیکی .

منداڵی بەهرەمەند کاری ئەقڵی زۆر قورس ئەنجام دەدا .


- بەهرەمەند خێراترە لە فێربوون و ئاسانترو زووتر فێر دەبێ .
- بەشێوەی سەربەخۆ کارەکان ئەنجام دەدا .

بینینی فراوانترە لە وانیتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

- پشت بەداهێنان و دارشتن دەبەستی بۆ ئەنجامدانی کارەکان .
- سەرکەوتووە لەسیفەتەخۆشەویستەکانی کەسایەتی و خاوەن گیانی هاوکاریە لەگەڵ کەسانیتر .
- ڕوح سوکەو توانای ڕەخنەگرتنی لەخۆی هەیە .
- کەمتر حەزی لە خۆدەرخستن و شانازیکردن بەکارەکانیەوە هەیە .

# هونەری گوێگرتن

ڕزگار خدر مستەفا



مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ، لە تەنهایدا نائارامە و هەردەم حەز بەتێکەڵی و گفتوگۆ دەکات لەگەڵ کەسانی بەرامبەری ، بەتایبەت هاوڕێ و هاوبیرو هاوزمان و هاوپیشەی لەپێناو زیادکردنی زانیارییەکانی و ئاسوودەیی مێشك و ڕاکێشانی هاوڕێی زیاتر و بەدەستهێنانی خۆشەویستی دەوروبەر ،چەنێك زیرەکی کۆمەڵایەتیت زیاتربێ ، بەگفت و قسەخۆش و زانابێ لەپەیوەندیکردن و لە هونەری گفتوگۆ سەرکەوتوبێت ، هێندە چێژ لەژیان وەردەگرێت و لەدوای هەر وتووێژێك هەست بەئاسوودەیی دەروون دەکەیت ، دەبێت بزانین سەرکەوتن هەر لەرێگەی قسەکردنەوە نابێت ، پەندێك هەیە دەڵێ: (گەر قسەکردن لەزیووبێ ، ئەوا گوێگرتن لەزێڕە) گوێگرتن بەیەکێك لەبنەما سەرکیەکانی ڕێگای سەرکەوتن دادەنرێ ، پێدانی دەرفەتی زیاتر بەبەرانبەر ، کە ئاسانترین و سەرکەوتووترین ڕێگا بۆ چوونە ناو دڵی کەسانی دەوروبەرمان گوێلێگرتنە ، تونی ئەلیساندرا لەکتێبەکەیدا (هێزی بزوێنەر بۆ گوێگرتنی کارا)١ نوسیویەتی : کاتێك قسەدەکەم ئەوە پێشوتر ئەو زانیاریانەم لابووە و دەیزانم ، بەڵام کاتێك گوێدەگرم ئەوە ئەو زانیاریانەم دەستدەکەوێت کە لای تۆیە . گوێلێگرتن بە تەرکیزی تەواوە مانای بایەخپێدانی ئێوەیە بەکەسی بەرانبەر وەك کەسێکی شایستە کە لەکاتی گوێگرتندا دەبێت بەتەواوی جەستەوە گوێشلکەین بۆ بەرامبەرەکەمان بە جۆرێك ئەو هەستی گرنگیپێدان لە لای بەرانبەرەکەمان دروست بێ و قسەی پێنەبڕین و خۆمان بەکاری لاوەکییەوە خەریك نەکەین ، هۆشمان لای وتەکان بێت (ئەگەر ئێوە تەمبەڵ و بێتاقەت بن ئەم بێتاقەتییەتان لەگەڵ هاودەمەکەتان گفتوگۆدەکات وکەسی بەرانبەرتان سارد دەکاتەوە )٢ ، بۆ ئەوەی کەسی قسەکەر هەست بەئاسوودەیی ومتمانەی زیاتر بکات دەبێ ئامادەبین لە هەرکوێکدا پرسیارێك هاتەپێش یان سەرنجێك هەبوو وەڵامی گونجاومان هەبێت و هەڵبدەین ناوبەناو پرسیار و داوای ڕونکردنەوە بکەین , هەندێ دەستەواژە هەن کە دەتوانین سودمەندبین لێیان کە ڕادەی گرینگیدان بەقسە و گوێگرتن پیشان دەدەن وەك (ئەها , بەدڵمە , همم , هاوڕام , زۆرباشە , دوایی ....) ، مرۆڤ خاوەنی دووگوێ و دووچاو و یەك زمانە تاکو تواناى تێگەیشتن و شیکردنەوە ولێکدانەوەی زیاترمان هەبێت پێش قسەکردن ، پیرەمێری نەمر دەفەرمێت :

دوو گوێ وزمانێك دراوە بەتۆ ..... دووبیبە و یەکێ بڵێ لەسەرخۆ

ئاژاوەی خێزانی وجیابوونەوەی ژن ومێرد و لەبەریەك هەڵوەشانەوە و لێکترازانی خێزانەکان , کێشە و ئاریشەکانی قوتابی و مامۆستا لە قوتابخانە تا دەگات بە زۆرێك لە شەڕ و نەهامەتییەکان بەرئەنجامی گوێنەگرتنە لە یەکتر .. دایباب گوێناگرێ لەمنداڵی ، مامۆستا لە قوتابی ، بەرێوەبەر لە مامۆستا و خاوەنکار لە کرێکار و فەرمانبەرەکانی ، ئا بەوجۆرە هێلین ڤان سلایك وتویە (پزیشکی دەرونی لە هاوڕێ باشترە چونکە بەباشی گوێمان لێدەگرێت ) ٣... کاتێك دایك و باوك منداڵەکەی فەرامۆش دەکات، منداڵ پەرچەکرداری دەبێت و پەنا دەباتە بەر سەرکێشی و دروستکردنی ئاریشە بۆ سەرنجراکێشانی دەوروبەر ، کاتێکیش منداڵ لەدوای تەمەنی شەش ساڵیەوە دەخرێتە بەر خوێندن، لەتەمەنێکدایە زۆر حەز بە قسەکردن دەکات ، بەڵام ڕێگەی پێنادرێ تا کۆتایی وانەکە ، هیچ ڕۆڵێکی نییە جگە لە گوێگرتن و توتی ئاسا وتنەوەی ئەوەی مامۆستا دەیڵێت و لێی دەپرسێت ، کە ئەمەش پێچەوانەی پەروەردەی هاوچەرخە کە پێداگیری دەکات لەسەر هاوبەشیپێکردنی کاراى قوتابی لە بابەتەکان ، هەر بۆیە زوو لە قوتابخانە بێزار دەبێ .

زۆرجار دەبیستین و دەبینین کەسانی بێدەنگ لەپڕ دەتەقنەوە و کارەسات دەقەومێنن لەبەرئەوەی کەس گوێلێنەگرتووە و ڕێگەی پێنەدراوە قسەبکات ، ئالێرە وە دەبینین ئەو مامۆستایانەی گوێ لەقوتابی دەگرن تاڕادەیەکی زۆر بێکێشە و خۆشەویستن لەلای قوتابییان . سەردەمی ئێستامان کە توێژەر وەك گوێگرێکی باشی لە کێشە وئاریشەکانی قوتابییان لە قوتابخانەکاندا بوونیان هەیە دەبینین زامنی هێمنی (صمام امان) زۆرکێشەن و جێگەی متمانەی قوتابییانن .

هەرکاتێك بووینە گوێگرێکی باش بۆ منداڵەکانمان بۆ قوتابییەکانمان بۆ دەوروبەر و دنیای بازرگانی ، ئەوسا لە جادووی گوێگرتن باشتر تێدەگەین و کەمتر دەکەوینە داوی پەشیمانی و سەرسامدەبین لەوەی کە دەبینە جێگەی متمانە و هاودەمی هەمووان ، بەیدەبای فەیلەسوفی هندی بەزمانی پاشای ڕۆمەوە دەڵێت: (من هەرگیز لەبێ دەنگیدا پەشمان نەبومەتەوە ، بەڵام کە زۆر قسەمکردبێ هەمیشە پەشیمانی دایگرتووم)٤ هەمیشە لە دوای ئەو گفتوگۆیانەوە کە زۆرترین پشکی قسەکردنمان تێدا هەبووە کورد گوتەنی (زۆربڵێیمان تێداکردبێ ) نائارام بووین لەوەی خوانەکردە بێزاریمان دروستنەکردبێ و نەکەوتبینە هەڵە و درکاندنی نهێنی و قسەی نەشیاو ئێرنست هەمەنگوای دەربارەی قسەکردن و گوێگرتن گوتویەتی : مرۆڤ دەتوانێ لەماوەی دوو ساڵدا فێری قسەکردن بێو ماوەی (25) ساڵیشی پێویستە تا ببێتە گوێگرێکی باش , کەواتە گوێگرتن هونەرێکی سەرکەوتووی قسەکردن و هۆگری پیشاندانە بەرامبەر کەسانی دەوروبەر ، دەباڵەم هونەر سوودمەندبین.

١-هێزی بریاردان لەمرۆڤدا ئیبراهیم فەقێ / وەرگێرانی هێمن جەلەولایی (پێنج کتێب لەکتێبێکدا) ل164

٢-هێزی زیرەکی کۆمەڵایەتی تۆنی بوزان / وەرگێرانی ئیکرام حەمە ل50

٣هونەری گفتوگۆکردن -ڕۆزالی ماگیو / وەرگێرانی هێرۆ بورهان ل 69

٤-کەلیلەودیمنە بەیدەبا وەرگێرانی عمر تۆفیق ل 18

## گوێگرتن

شێرکۆ بێکەس

باش گوێ بگرە!
ئەو وژەوژەی لێرەوە تۆ ئەیبیسی
ئەوە نەرەی تووڕەبوونی بێشەیەکە
ڕێگە نادا
تەوەرەکان بچنە ناویەوە، پێکا ئەدەن
باش گوێ بگرە!
ئەو گرمەگرمەی لێرەوە تۆ ئەیبیسی
ئەوە حیلەی ڕەوە هەوریکە ڕێ نادەن
خێڵی کولله، زینیان بکەن
پێکا ئەدەن.
باش گوێ بگرە!
ئەو لرخەلرخەی لێرەوە تۆ ئەیبیسی
ئەوە دەنگی شیعرێکی «سەمیح قاسم»ە
بۆیە ئەمرێ
ڕێگەی نەدا
پشت بکاتە بێشە و هەور و
دامێنی خێڵی مردن و تەور بگرێ!

# گرنگی پەروەردەی خودناسی



## د.کوردستان محەمەد ئازاد
## پرۆفیسۆری یاریدەدەر
## زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

خودناسی توانای تێگەیشتنی تاکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ، وەک هەستو توانا و لاوازی و بەهێزی، بەها و ئاراستەکانی تایبەت بەژیان. کاتێک مرۆڤ خۆی باش دەناسێت بڕیاری دروست دەدات و پەیوەندییەکانی درووست و هاوسەنگ دەبێت، لێهاتووانە ڕووبەڕووی کێشەکانی ژیان دەبێتەوە ، باشترهەستە نەرێنییەکانی کۆنترۆڵ دەکات.

خودناسی یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی گەشەی کەسایەتی مرۆڤ. پێکهاتەیەکی سەرەکییە بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی تەندروست، دەروونێکی هاوسەنگ و ژیانێکی ئاسودەو سەرکەوتوو. پێویستیەکی مرۆڤایەتییە کە هەروەک چۆن منداڵ کەلەدایک دەبێت ناوی لێدەنرێت و کاتێک بانگ دەکرێت وەڵام دەداتەوە ناوی خۆی دەزانێت ، ئاواش گرنگە کە فێر بێت خۆی کێیە و چییە. پێویستی بەوەیە کە بە قووڵی خۆی بناسێت. خودناسین پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگادا هەیە، چونکە تاکێک کە بەتەواوی خۆی نەناسێت، ناتوانێت پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ دەوروبەری خۆی دروست بکات. ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و لە قۆناغەکانی تەمەنی جیاوازدا گەشە دەکات و قووڵتر دەبێت.

خودناسین تەنها زانینی ناو، ڕەگەز، تەمەن، و پێگەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو زانینی خەون، ئامانج، هێز، لاوازی، هەست، و بیرکردنەوەی مرۆڤە. کاتێک تاک خۆی دەناسێت، هەنگاوەکانی ژیانی بە دڵنیاییەوە دەنێت و بڕیاری دروست دەدات. بۆیە خودناسین وەک کلیلێک وایە کە دەرگای داهاتوویەکی ڕووناک و پڕ لە سەرکەوتن دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی دەروونناسی، خودناسین یارمەتی تاک دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە دەروونییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو. ئەگەر مرۆڤ بە قووڵی بزانێت چی دەیەوێت و چۆن دەتوانێت پێی بگات، ئەوا زۆربەی کێشەکانی ژیان بە ئاسانی چارەسەر دەکات. هەروەها خودناسین پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە متمانە بەخۆبوونەوە هەیە، کە ئەویش بنەمایەکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی تاک.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، خودناسین یارمەتی مرۆڤ دەدات باشتر لەگەڵ خەڵکانی دیکە هەڵسوکەوت بکات و پەیوەندییەکی دروست و بەهێز بنیاد بنێت. کەسێک کە خۆی باش دەناسێت، زیاتر ڕێز لە بۆچوونی کەسانی دیکە دەگرێت و توانای گوێگرتن و تێگەیشتنی باشترە.

خێزان یەکەم و کاریگەرترین ژینگەیە کە منداڵ تێیدا گەشە دەکات و خۆی دەناسێت. لە سەرەتای ژیانەوە، منداڵ لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوک و ئەندامانی خێزان، دەست دەکات بە دروستکردنی وێنەیەک لە خۆی. خۆشەویستی و پارێزگاری بێ مەرج کە خێزان دابینی دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ هەست بکات بە نرخ و بەهایە، ئەمەش یەکەم هەنگاوە بەرەو خودناسینێکی درووست

کاتێک خێزان گوێ لە بیروڕا و هەستەکانی منداڵ دەگرێت، ئەوا یارمەتی دەدات تا منداڵ فێر بێت کە بیرکردنەوە و هەستەکانی گرنگن و شایەنی گوێلێگرتنن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ هەست بە بەهاداری خۆی بکات و بتوانێت باشتر بیروهەستەکانی خۆی بناسێت و دەربڕێت.

خێزانی سەرکەوتوو دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ منداڵەکانی تا توانا و بەهرەکانیان بدۆزنەوە و پەرەیان پێ بدەن. لە ڕێگەی هاندان و پشتگیریکردن لە چالاکیە جیاوازەکاندا، منداڵ دەتوانێت بزانێت لە چیدا بەهێزە و چی خۆشدەوێت. ئەمەش بەشێکی گرنگە لە خودناسین، چونکە هەر کەسێک تایبەتمەندی و توانای تایبەت بە خۆی هەیە.

بەشداریکردنی منداڵ لە بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان، یارمەتی دەدات تا متمانە بە خۆی بەهێزتر بێت و بزانێت کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ژیانی خۆی هەبێت. ئەمەش بەشێکی گرنگە لە خودناسین، چونکە یارمەتی منداڵ دەدات تا سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خۆی پەرە پێ بدات.خودناسی دەبێتە خۆرێک بۆ ڕووناک کردنەوەی ژیانی تاک ،کەخۆشبەخت و سەرکەوتوویت تێدا

# ئەو وانانەی ژیان و ڕۆژگار فێریان کردم



## تەها عومەر

– مەینەتیەکانی ڕۆژگارو ئازاروخەمەکانی ژیان پیرت ئەکەن ، نەک ساڵەکانی تەمەن .

– کاتێک قسەت کرد ئاگات لە بەرزی ونزمی و هاوسەنگیی قسەکانت بێ ، حساب بۆ وشە بەوشەی قسەکانت بکە ، خۆت لەدرێژدادڕی بەدووربگرەو ، هەوڵ بدە بەکەمترین وشە مەبەستەکەت دەرببڕیت ، تا بەکەسێکی زۆربڵێت دانەنێن و بەتاسەوە گوێت بۆ بگرن و حساب بۆ قسەکانت بکەن .

– ڕێگا مەدە کەس بتکات بەپردی پەڕینەوە ، کەسیش مەکە بەپرد بۆ مەرامێکی خۆت پیایدا بپەڕیتەوە .

– کەقسەت کرد هێواش بدوێ و مەیکە بەهات وهاوار ، دەنگ بەسەرکەسدا بەرزمەکەرەوەو ڕێگاش مەدە کەس دەنگت بەسەردا بەرزبکاتەوە .

– لەکاتی قسەکردندا بەتوانجەوە مەدوێ و خۆت لەقسەی ڕەق وناخۆش بەدووربگرە ، ئاگات لە شووشەی دڵەکان بێ نەیشکێنی ، تاخەڵکیش بەرد نەگرنە شووشەی دڵت . ڕەنگە زۆرجار توانجێک یان قسەیەکی ڕەقی بەرامبەرەکەت شعووری شکاندبی و تابەیانی گینگڵی پێ دابی و نەیهێشتبێ بۆ ساتێکیش بنووی ، بۆیە ئاگات لەشعووری بەرامبەرەکەت بێ .

– کاتێک بەرامبەرەکەت قسەت بۆ ئەکات گوێی لێ بگرەو قسەی پێ مەبڕەو ڕێز لەبۆچوونەکانی بگرەو گاڵتە بەقسەکانی مەکە ، تا بەرامبەرەکەشت هەمان شێواز بەکاربێنێت .

– بەئازاری کەس پێمەکەنە و بەخەم وکۆستی هیچ کەس دڵخۆش مەبە ، تا کەسیش بەئازاری تۆ پێنەکەنێ و خەم وکۆستەکانت خۆشحاڵیان نەکات .

– بەپۆزەوە قسەمەکەو خۆت لە سەرووی خەڵکەوە مەبینە ، گەر ئەوە بەگەورەیی تێگەیشتووی زۆر هەڵەی ، گەورەیی لە سادەییدایە .

– پشت بە خۆت ببەستە نەک بەخەڵکانی تر و لەسەرپێی خۆت بوەستە ، هەمیشە هەوڵ بدە خۆت بیت نەک کۆپیی کەسێکی تر ، شانازی بەکەسایەتیی خۆتەوە بکە نەک حیزب و بنەماڵەو قەوم وتیرەو عەشیرەت و کەس وکاری دەسترۆیشتوو دەوڵەمەند ، چونکە زۆرکەسمان بینی پۆزی بەوانەوە لێداو لەپۆزلێدان کەوت

# سیفەت و تایبەتمەندیەکانی قوتابی بەهرەمەند و مامەڵەکردنی قوتابخانە لەگەڵیدا

## عمـــــــر محمود پـیرۆت
## سەرپەرشتیاری خانەنشین



کۆمەڵێک لەوسیفەتانەن کە قوتابی بەهرەمەند لە هەر قوناغێکی خوێندندا هەیەتی و لەوانی تری جیادەکاتەوە .

جیاواز واتە تواناو حەزو ئارەزوی هەندێ بواری هەیە وەک [ مۆزیک ، وێنەکێشان ،نوسین ، وەرزش . وتاربێژی .....هتد ]

ئەم توانایانە وادەکات خاوەنەکەیان خاوەن بەهرە بێت .

دەکرێ قوتابی بەهرەمەند لە قوتابی تر لەمیانەی ئەمانەی خوارەوە جیا بکەینەوە :

ـ ئاستێکی بەرزی ڕێزگرتنی لەخۆی هەیە ، بەهۆی ئەو توانا ئەقڵیە بەرزەی هەیەتی .

ـ لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە دواناکەوێ کە دەخرێتە ئەستۆی .

ـ هەست و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەیە .

ـ هەندێ لە تایبەتمەندی زیرەکی و بەردەوامی و سور بون لەسەر بەردەوامی کارکردن و هاوسەنگی هەڵچونی و ئارامی دەرونی و وایلێدەکات ، بکرێ پشتی پێ بەسترێ لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان .

ـ حەزی زانینی زۆرە دەربارەی هەموو ئەو ئەزمونانەی خۆی تاقیکردونەتەوە .

ـ حەزی جیاکردنەوەی هەیە و هەموو ئەوەش وایلێدەکات ،سەرکەوتوو بێت لە سەر ئاستی زانستی و ئاستی بەدەستهاتووی خوێندن .

ـ خاوەن سامانێکی زۆری زمانەوانیە .

ـ دەتوانێ بەڕون و ئاشکرایی گوزارش لە ڕاو بۆچونەکانی بکات ، بەشێوەیەک کە سەروئاستی تەمەنی خۆیەتی .

ـ لە بیرۆکەکانیدا سەربەخۆیەو وابەستە نیە .

ـ لە هاوتەمەنەکانی خۆی جیاوازە ، بەتوانا ترە لە دروستکردن و ئەنجامدانی شتەکان .

ـ بیرکردنەوەی داهێنەرانەی هەیە .

ـ توانای سەرکردایەتیکردنی گروپی هەیە .

مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابی بەهرەمەند :

قوتابی بەهرەمەند کەمتر حەزی لە خۆدەرخستن و شانازیکردنە بەخۆیەوە .

بەڵام ڕێزگرتنی مەعنەوی گونجاوی پێخۆشە .

دەشێ حەزی لە تێکەڵاوبونی هاورێکانی قوتابخانە نەبێ ، بەڵام ئەو یاریانەی پێباشە کە بەیاساو ڕێسا ڕێکدەخرێن .یان ئەو یاریە ئاڵۆزانەی بیرکردنەوەی زۆریان دەوێ .

توانای ئاڕاستەکردنی ڕەخنەو بەشداری لە گفتوگۆی بابەتیدا هەیە .

دەکرێ پشتی پێ بەسترێ لە بیرکردنەوەی نوێ و دەگمەن و نائاسایی .

توانای بەردەوامی لەکاردن هەیە و لەشکستخواردن یان سەرنەکەوتن لەکارێکدا بێزار نابێ . بەردەوام دەبێ لە هەوڵدان تا سەردەکەوێ .

پێی خۆشە خەڵکانیر دوایکەون ،نەک بەپێچەوانەوە ئەو دوای خەڵکانیتر بکەوێ .

توانای گەورەی هەیە لە تێبینیکردن و دەرکپێکردنی ئەو وردەکاریە بچوکانەی کە هاوکارن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

تایبەتمەندیەکانی قوتابی بەهرەمەند :

قوتابی بەهرەمەند چەندین تایبەتمەندی هەیە لەوانە :

توانای گەورەی هەیە لەشیکردنەوەو گشتاندن و تێگەیشتنی ماناو بیرکردنەوەی لۆژیکی .

مندالی بەهرەمەند کاری ئەقلی زۆر قورس ئەنجام دەدا .

ـ بەهرەمەند خێراترە لە فێربوون و ئاسانترو زووتر فێر دەبێ .

ـ بەشێوەی سەربەخۆ کارەکان ئەنجام دەدا .

بینینی فراوانترە لە وانیتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

ـ پشت بەداهێنان و داڕشتن دەبەستی بۆ ئەنجامدانی کارەکان .

ـ سەرکەوتووە لەسیفەتەخۆشەویستەکانی کەسایەتی و خاوەن گیانی هاوکاریە لەگەڵ کەسانیتر .

ـ ڕوح سوکەو توانای ڕەخنەگرنی لەخۆی هەیە .

ـ کەمتر حەزی لە خۆدەرخستن و شانازیکردن بەکارەکانیەوە هەیە

# فۆتۆگرافەرێکی کورد دەبێتە براوەی خەڵاتی جیهانیی World Press Photo

ئامادەکردنی: سارا شەفیق

ڕۆژنامەنووس و فۆتۆگرافەری کورد (ئیبراهیم عەلیپوور) بە پرۆژەی فۆتۆگرافی بەڵگەنامەیی فیشەکەکان سنووری ناناسن، خەڵاتی فۆتۆی ڕۆژنامەوانیی جیهانیی ( World Press Photoساڵی 2025ی بەدەست هێنا. ئەم کۆمەڵە فۆتۆیە لەلایەن دادوەرەکانی بەشی پرۆژە درێژخایەنەکان و ناوچەی ڕۆژئاوا و ناوەڕاست و باشووری ئاسیا بووەتە جێی سەرنج و ناسین.

کۆمەڵەفۆتۆ وێنەکانی عەلیپوور لەنێوان زیاتر لە 59 هەزار وتاردا هەڵبژێردرنا، کە لەلایەن 3778 فۆتۆگرافەر لە 141 وڵاتەوە لەلایەن دەستەی دادوەران، کە پێکهاتبوون لە لۆرا بوشناک (فەلەستین)، ئەنوش بابانیان (ئەرمەنستان)، ئینسیا سید (پاکستان)، سۆریم فۆرکۆی (ڕۆمانیا) و زیشان ئەی لەتیف (هیندستان) هەڵبژێردرا.

ئەم پرۆژەیە، کە زیاتر لە دە ساڵە کاری لەسەر کراوە، ژیانی سەختی کۆڵبەرەکان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیشان دەدات، ئەو کەسانەی کە بەهۆی سنووردارکردنی ئابووری و سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران، کەلوپەلی وەک کەرەستەی ناومال، مۆبایل و جلوبەرگ لە عێراق و تورکیەوە دەگوازنەوە بۆ ئێران. کۆڵبارەکان ڕووبەڕووی چەندین ئالنگاریی دەبنەوە، لەوانە بارودۆخی سروشتی سەخت، برینداربوونی جەستەیی و مەترسیی تەقەکردن لەلایەن هێزە چەکدارەکانی سەر سنوورەکان.

لێژنەی دادوەریی پێشبڕکێکە کۆمەڵە وێنەکانی عەلیپووریان بە گێڕانەوەیەکی دەگمەن و قووڵ لە کاریگەرییە ئاڵۆزەکانی سزا ئابوورییەکان وەسف کرد و ستایشی پابەندبوونی درێژخایەنی ئەویان کرد بۆ گرتنی ئەم چیرۆکە.

ئیبراهیم عەلیپوور، لەدایکبووی ساڵی 1990 لە شاری بانە، فۆتۆگرافەرێکی دیکۆمێنتاریی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و بەرهەمەکانی لە میدیا جیهانییەکاندا بڵاو کراونەتەوە و خەڵاتی بەناوبانگی بەدەست هێناوە، لەوانە خەڵاتی گەورەی کان (2023) و خەڵاتی باشترین وێنەی ساڵی ئاسیا (2024).

کوردپیدیا



# پرسیارەکانی کۆمۆنیزم و شۆڕشی سۆسیالیستی*

سیروان حەمەڕەشید



ئەو ناونیشانە پەرتوکێکە لەفەرەنسیەوە لەلایەن ئازاد عەبدوڵا بە کوردی کراوە، ناوەڕۆکی کتێبەکە بریتییە لەڕوانگەی بیرو باوەڕی چوار سەرکردەی دیار و کاریگەری مارکیسزمەوە ( ترۆتسکی، لۆکسمبورگ ، گرامشی ، لینین)ەوە خوێندنەوە و شیکاری بۆ ڕووداو دراماتکییەکانی بزووتنەوەێ سۆسیالیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 و ڕۆڵ و نەخشی حیزبی بەلشەفینزم کردوە، ئەم ڕێبەرانەی کۆمۆنیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەشێوەیەکی ورد و هەمەلایەن لە هۆکاری سەرکەوتن و شکست و لەمپەرەکانی بەردەم شۆڕشی ئۆکتۆبەرو ململانی نێوان بەلشەفیک و مەنشەفیک و کومۆنست و لادانەکانی ستالییزم و بۆرژوای و ڕەوتی کاوتسکی و بێرنیشتاین شیکردۆتەوە.

یەکەم: ڕوزا لۆکسمبۆرگ

لەوتاری یەکەمدا ڕێبەری دیاری کۆمۆنیستی و خاوەنی بۆچوونی شۆڕشی بەردەوام و بزووتنەوەی خۆرسکانەی شۆڕشی ڕۆزا لۆکسمبۆگ دەڵێت:شۆڕشی ڕووسی بەچەشنێکی خێرا گەشەی کرد ولەماوەیەکی کەمدا مەودایەکی فراوان و سنورێکی مەزنی گرتەوە و کڵپە و بڵێسەی شۆڕشەکە بەوپەڕی تین و تاوەوە بڵاو بووە، واتا ڕۆزا وەک ژنە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕێک و کۆمۆنستێکی واقعبین جەختی لەسەر شۆڕشی بەردەوام دەکردوە، پێوابوو کە هەلومەرجی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا هەلومەجێکی گونجاو نەبوو، ئەویش بەرئەساسی ماتریالیزمی مێژووی و ئەو قۆناغ و سەردمەکانی گەیشتین بەدوا قۆناغی سیستمی کۆمۆنیزمی ،هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ڕووسیا وڵاتێکە لەڕووی ئابوورییەوە دواکەوتووە وبەشێوەیەکی گشتی وڵاتێکی کشتوکاڵییە، واتە لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدایە لەبەرئەوە هێشتا هەلومەرج و زەمینە لەبار نییە و نەخەملیوە بۆ شۆڕشی سەرکەوتنی سۆسیالیزم.

ڕۆزا لەشوێنکدا زۆر ستایشی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکات، پێوابوو بەلشەفیک هیوای زۆری بەتوانای بەرێخستن و ڕاگەیاندنی پابەندبوونی شۆڕشی ڕوسی و پرۆلیتاریای جیهانییەوە هەبوو..

دووەم: ئەنتۆنیۆ گرامشی:

هەروەها یەکێک لەسەرکردە دیارییەکانی مارکیسزم و کۆمۆنیزم (ئەنتۆنیۆ گرامشی ) بوو، کەلەسەر چالاکی و هەڵوێستە سیاسی و فیکرییەکان لەلایەن دەسەڵاتی فاشیزمی ئیتاڵی بەشی زۆری تەمەنی گەنجیەتی لەزینداندا بەرێی کرد، گرامشی لەزیندانەوە ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی لەخەباتی شۆڕشگێڕانە و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمدا بینیی، هەرچەندە گرامشی زیاتر سەندیکالیزم بوو، پێوابوو لەڕێگەی ئەنجومەنە کرێکارییەکانەوە دەتوانین بگەینە دەسەڵات ،بۆچونی وابوو حیزبی کۆمۆنستی زیاتر نەزعەی دەسەڵاتگەری تێدایە و مەترسیە بۆ ستەمکاری.

گرامشی بۆچون و هەڵسەنگاندنی لەسەر شۆڕشی پرۆلیتایاری ڕوسی بەجۆرێک " دەڵێ: شۆڕشی ڕوسی هەمووجیهانی دەکاتە دوو بەرەوە لەلایەکەوە ئەوانەن کە لایەنگری شۆڕش دەکەن و لەلایەکی دیکەوە ئەوانەن کەدژایەتی شۆڕش دەکەن حەز ئەکەین گەلی ڕوسی نقومی خوێن ببێت.

گرامشی مارکیسزمیکی لێبڕاو و خاوەن توانایەکی زۆر بوو. ئەمەش وای لەدەسەڵاتەکەی مۆسۆلینی کرد، ترسی زۆر لێ هەبێت و لەکونجی زینداندا توندی بکات، گرامشی لەسەر شۆڕشی ڕوسی پێوابوو شۆڕش تەنها هەلومەرجی تایبەتی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکو بەرهەمی جەنگی ئیمپریالیسیانەی جیهانە.

سێیەم: لیۆن ترۆتسکی:

ترۆتسکی ڕێبەر و سەرکردەی هەڵکەوتو و ئێجگار کاریگەری مارکیسزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و پارتی بەلشەفیکی بوو، لەسەر بیرۆکەی و قەناعەتی شۆڕشی بەردەوام بوو، هاوتای لینین بوو، ڕۆڵی سەرەکی لەدامەزراندنی سوپای سووردا بینیوە، لەسەر شۆڕش بۆچونی وابوو تەنها شۆڕشی پرۆلیتارییە کەدەتوانێ ببێتە زامنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی گشت وڵاتەکان، لەو کۆت و پێوەندانەی لەلایەن دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە بەزۆری زۆرداری سەپێنراون، ڕزگار دەکات، ئەوەیش بەیەکخستنی هەموو گەلان، لەچوارچێوەی پەیوەندییەکی هاوبەشی توندوتۆڵی ئابوورییانەدا بەپێی پلانێکی ئابووری یەکگرتو و هاوبەشدا.. ترۆتسکی لەسەر مافی گەل و نەتەوە ژێردەستەکان پێوابوو کەشۆڕشی سیۆسیالیزم دەتوانێ ئازادی ڕاستەقینە بۆ هەمو نەتەوە ژێردەستەکان دەستەبەر بکات و ڕێگەی گەشەپێدان و ئازادی و کەلتوری نەتەوەییان بۆ بەدیدەهێنت.

ترۆتسکی خوێندنەوەی لەسەر بیرکردنەوە و سایکۆلۆژیای ستالین وابو. کەستالین نەتوانێ پەیوەست و پابەندی پرەنسیپەکانی شۆڕش و ئایدیۆلۆژیا مارکسیزمەوە ، لەئامانج و ستراتیژی مارکیسزم لادەدات و گەندەڵ دەبێت و لەدیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە دەگۆڕێت بۆ دیکتاۆریەتی شەخسی و ستالینزم .

هەر ئەم ناکۆکییە نێوان خۆی و ستالین بوو. بەدەست و پیلانی خودی ستالین لەشارێکی مەکسیک بەدەستی گروپێکی ستالین لەساڵی 1940 تیرۆرکرا..

چوارەم: ڤلادیمێر لینین

لێرەدا بەکورتی بۆچونی لینین کە لە وتاری ڕۆژی 7-3-1919 کەلەکۆنگرەی یەکەم ئەنتەرناسیۆناڵدا پێشکەشیکرد دەخەینەڕوو، هەڵبەت لینین وەک ڕێبەر و سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنستی ڕوسی و سەرکردەیەکی بەرچاوی بەلشەفیک و شۆڕشی ئۆکتۆبەر. ئەم سەرکردەیە ڕۆڵی مەیدانی و سەرەکی و چارەنوسازی لەڕابەرایەتی شۆڕشی و حیزبی بەلشەفیدا هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرەڕێزەی مارکیسزم و ئەدەبیات و فەلسەفەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری دەکرد 27 تێزی لەچوارچێوەی 27 کتێبدابەوەرگێڕاوتە سەرتەواوی زمانە جیاجیاکان جیهان .

وتاری بەناوبانگەکەی "دەبێ چی بکەین" هێڵە ستراتیژەکانی شۆڕش و بزووتنەوەی سۆسیالیسی ڕوون کردۆتەوە لەوتارەکەیدا لینین تێڕوانینی بۆ شۆڕش و بزووتنەوەی کرێکاری جیاوازە لە روزا لۆکسمبورگ، پێوابوو پارتی کۆمۆنست ئامرازی خەبات و ڕێکخستن و داینەمۆی شۆڕشە و تەنها لەڕێگەی پارتی پێشڕەوە و دەتوانرێت بزووتنەوەی خەباتی چینایەتی سەرپێ بخات.

دیدی لینین لەسەر شۆڕش و بزووتنەوەی خەباتی چینایەتی و پرۆلیتاریا لەسۆنگەی فەلسەفەی مارکیسزم بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی کۆمۆنێستی پێوا بوو ناکرێت لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا دوو دەسەڵاتی دژ بە یەک و کێشە و ململانێ چینایەتییەکانی کۆمەڵگادا کۆبکرێتەوە، تەنها و تەنها یەک جۆرە دیکتاتۆریی دەتوانێ بەرقەرار بێ، ئەویش دیکتاتۆری بۆرژوازییە یان دیکتاتۆری پرۆلیتارییە.

لینین پێیوایە ئەوەی کەبیر لە پێکەوەبەستن و کوبونەوەی یەکگرتنی ئاشتییانەی نێوان دیکتاتۆری بۆرژوازی و دیکتاتۆری پرۆلیتاری بکاتەوە ئەوا هیچ لەبیروباوەڕە ئابووری و سیاسیەکانی مارکیسزم تێنەگەیشتوە.

ئەگەر سەیری هەلومەرجی ئێستا جیهان و سیستەمی تاک جەمسەری سەرمایەدار بکەین دوای دوو سەد و ساڵ تێپەڕبوون بەسەر نوسین و فەلسەفە و تیۆرەیزە مارکیسزم و ئایدیۆلۆژیا کۆمۆنیزم و لیکدانەوە و هەڵسەنگاندن و پێشبینەکانی مارکیسزم دەبینین لەسایەی باڵادەستی سەرمایەداری جیهاندا دۆخی مرۆڤایەتی گەیشتوە بەچ کارەساتێکی ئینسانی، ژیانی و کەرامەت هەر مرۆڤیک چۆن چۆنی بێ ئەرزشکراوە تەنانەت لە ئەمریکادا سەرمادارى ڕۆژانە چەندان کارمەند و کرێکار بەفەرمانێکی تراپم لەسەر کار لادەبن و دەنێرنە ماڵەوە و ژیانیان هەزاران کرێکار و مرۆڤ دەخەنە ژێر پێی دڵڕەقانەی سەرمایەدارییەوە؟ چۆن ئەم سیستەمە باڵادەستە کرێکاران و ئینسانی لە سەرەتاترین مافی ژیان بێ بەش و محروم دەکرێن، سیاسەتی ستەمکارانەی لەمرۆڤخستن پەیڕەو دەکرێت. کاتێک تێز ئەو ڤیگەرە کۆمۆنستانە دەخوێنەوە لەوەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە جارێکی دی جیهانی مرۆڤایەتی پێویستی بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی کۆمۆنیزم و شۆڕشی سۆسیالیزم هەیە و سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ پرەنسیپ و فیکری مارکیسزم سەرپێخستنی بزووتنەوەی شۆڕشیگێڕانە و کۆمۆن و شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر.


*بۆ نوسینی ئەم وتارە سودم لە کتێبی پرسیارکانی کۆمۆنیزم و شۆڕشی سۆسیالیستی. ئازاد عەبدولا لەفەرەنسیەوە کردویەتی بە کوردی



# گەردیلەی بێتۆیی

## ئازاد مارف


لەوەتەی بێتۆییم خەبەری بۆتەوە...دڵ لێدانی بیرچۆتەوە
گیان لە نێوما ڕاناوەستێ...پیریتیم پیاشۆڕبۆتەوە
هاروهاجییەکەم ژیر بووە...بێدەنگیم وەک خۆم پیر بووە
پەشیمانیم هەڵئەلەرزێ...خەونی دێرینم زویر بووە
حەرفم ئاخی ڕەش و مۆری کردۆتە بەر...لەبەر چاوما شەیدابوونم
وەکو شێت ئەجوڵێتەوە
شیعرم بووە بە ژانە سەر...دێرم قوڕ ئەخوێنێتەوە
برینی کۆنی تەمەنم بەردەوام ئەکولێتەوە
تۆزێ وەنەوز نانیشێ لە سەروقژم...چرکەیە خەو هەڵنامژم
لەگەڵ خەیاڵی خۆم دژم...لە چاومەوە لە جێی فرمێسک خۆم ئەڕژم
بۆ لەنێوچوون و مردنم...خەریکی شەو هەڵکەندنم
کە سیمات شی ئەکەمەوە...کە ڕەنگی تۆ ئەخۆمەوە
ئەڵێم ئەمڕۆش خۆم ناکوژم
لەوەتەی بێتۆییم خەبەری بۆتەوە...لە دەروونما شەڕ ئەبارێ
بە چاوانما هۆن هۆن مەراق دێتە خوارێ
لە نێو مەخلوقاتی ناخما ئاگری گەرمی ناکۆکی کەوتۆتەوە
بەختم لە دەستما شکاوە...هەردوو ئەژنۆی چاوەڕوانیم بەربۆتەوە
تارماییەکی لە خۆم چوو هانی خۆکوشتنم ئەدا
هەرچی شەیتانی دنیایە بۆ مردنم کۆبۆتەوە
ئەی بۆنی خۆزگەی بە عومرم...وەرە با ئەم ساڵیش نەمرم
بێتۆیی بە هەزار گرێ خۆی بەستووە بە خانەکانی ڕۆحمەوە
گۆشت و ئێسقانی بڕیوم...گەیشتۆتە نێو مۆخمەوە
وەرە جار جار بمدوێنە...بە ئاوازی دەنگی نەرمت نامۆییەکەم ڕابژێنە
با ئیتر بەس خۆم ڕاوبنێم...با لەگەڵ ڕاڕاییم پێکبێم
با ڕووخسارم لەگەڵ بینینم ڕابێنم...با خۆم بە خۆم بناسێنم
با دەست نوێژی دەیان
ساڵەم بە
نمەی شەرمی
نێو نازی هاتنی تۆ
بشکێنم خەریکم
خۆم
ئەخۆمەوە...با ئیتر
بەس بێتۆیی بە
کزەی جەرگم بلاوێنم
چ سەفەرێکی سەخت
و قورس هاتە
ڕێگەمچ ئازارێ
بوو بە
جێگەم شوێن
ماچێکت جێنەماوە
بە گۆنای
ئارەزوومەوە ئای لەم
خۆشویستنەی
تۆدا چەندە
دەست سپی و
بێبەڵگەم.



# دیواری خەون

## ئازاد مارف

تۆ بڕوانە لەنێو سەحرای پڕ سەرابی ئەم عەشقەدا چەندە تەنیام
سەیرێکی جل و بەرگم کە
پەشیمانیم چەند درێژ ترە لە باڵام
چاوەڕوانیم چەند گەورەترە بە شانم
وشەم چەند بچوک بۆتەوە لەسەر وشکایی زمانم
ئای چەند بە خەم قورس بووە گیرفانەکانی ویژدانم
ناتوانم هەنگاوێ بڕۆم لەتاو وێران بوونی گیانم
دە تو خوا دایە وەرەوە...خۆمم لەبەر بکەرەوە
هاکا گریان دایڕزانم
ئای چ مەخلوقێکی سەیرم...من تێناگەم بۆچی بە نەفسی خۆم غەیرم
دەیان ساڵە هەر خەریکی گرێدانی دابڕانم
خەیاڵم شەل و کوت بووە...پێشبینیم لە هیچ شتێکا وەک ئەمویست وا
دەرنەچووە
لە کوێرا عومرێ تر بێنم...جوانێ تری پێبدوێنم
هەر وەکو ئەو هاوڕێی نیوە ڕێگەم نەبێ
ببێتە ڕاگری بیر و دین و باوەڕ و ئیمانم
نازانم بۆ ڕازی نابم...بۆچی لە خۆم حاڵی نابم
کە من لە تۆ دەرکراوم...ئەوە چیە گەمژەییم پەروەردە ئەکا
نازانم بۆ بە تارمایی وەهمی تۆوە بەستراوم
خۆزگە ڕۆژێ بۆم ئەکرا...جاریتر لە دڵێ ترا
بە ڕۆژ ببم بە ڕوناکی و بە شەویش ببم بە چرا
ئای چۆن پێکەنین گرتوومی...ئای چەندە گێل و داماوم
لە کن تۆ من ماڵی زیادەم...ماڵی زیادەش سەر ناشکێنێ
خۆت بە پەری پێناساندم...تا تاڵ تاڵی تەمەنی لاویت پساندم
هەر تێناگەم...کوا فریشتە شەیتانی سەرخۆش ئەدوێنێ
دە تو خوا دایە وەرەوە...لەم سەرزەمینە گەورەدا کەسێ نیە لەم خەونە
ڕامبچڵەکێنێ
وەرەوە با بە شیعرێ تەڕ ئاسمانی پێشوازیت ڕەنگ کەم
بەسەر بەرد و داری ڕێگات ڕۆشنایی ڕۆحم دابەش کەم
دە تو خوا دایە وەرەوە...دەرگای گەرمی پێکەنینت بکەرەوە
تا خەندەیەکت لێمنەدا...ناتوانم پیرێتیم دەرکەم
ئێستا مرۆڤێ شکاوم...پیت و وشەی کۆشکی خۆزگەیە ڕوخاوم
شیعری خۆم ناناسمەوە...
خۆم وەک خەو
دێتە بەرچاوم
لە نێو تاریکی خەیاڵما
هاوشێوەکانم بانگ ئەکەم
لە تارمایی ئاڵۆزیما
بەجێماوخۆمم بۆ
جیاناکرێتەوە...
بەرامبەر سەدان سێبەرم
ڕاوەستاوم
بە تەواوی لێبوومەوە
ئاوی زەردی پڕ لە ئاخی
برینی خۆم ئەخۆمەوە
دەستی گەنجێتی خۆمم
گرت...بە نێو هیچا
پەریمەوە نەک هەر لە
تۆ لە خودی خۆم دابڕاوم
من پرسیارێکی سەرخۆشم
لە پشت دیواری خەونێکا
بەبێ وەڵام ڕاکشاوم.





# شەرەفخانی بەدلیسی.. میرێکی کورد لە لوتکەی رۆشنبیرییدا

ناونیشانی بابەت: شەرەفخانی بەدلیسی. میرێکی کورد لە لوتکەی رۆشنبیرییدا
ئامادەکردنی: ئاراس سەعید

شەرەفخان بەدلیسی، بەیەکێک لە گەورەترین ڕووناکبیر و نووسەری سەردەمەکەی خۆی دادەنرێت، کە بە نووسینی (شەرەفنامە) زانیاریی لەمەڕ جوگرافیا و ژیانی ڕامیاری و دەسەڵاتی کورد و زمان و ڕووە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردیی ئەو دەمە تۆمار کردووە.

ئەم ڕووناکبیرە مەزنەی کورد، ناوی تەواوی (شەرەفخان کوڕی میر شەمسەدین کوڕی میر شەرەفخانی بەدلیسی)یە و، لە ڕۆژی (25 شوباتی 1543) زایین لە قەڵای گریهڕودی سەر بە ناوچەی قوم لە ئێرانی ئێستا لەدایک بووە، کە ئەو قەڵایە وەکوو دیاری درابوو بە میر شەمسەدینی باوکی لە لایەن شا تەهماسپی سەفەوییەوە، دوای دەربەدەربوونیان لە زێدی خۆیان لە شاری بەدلیس.

بە نەریتی شایی ئێران، شەرەفخان لە منداڵیدا لەژێر چاودێریی فێرکارانی منداڵانی میر و سەرکردەکاندا لە ماڵی شا فێری خۆشنووسی و وێنە و هەندێک لە زانستەکانی ئەو سەردەمە کراوە، سەرەڕای پێگەیاندنیان لە بواری سوارچاکی و شیر و تیر و ڕمبازیدا لەپێناوی ئامادەکردنیان بۆ ژیانی ئایندەیان.

لە ساڵی1555ز دا میر شەمسەدینی باوکی، ژیانی گۆشەگیریی هەڵبژارد و وازی لە دەسەڵات هێنا، کە ئەوکات شەرەفخان تەمەنی (12) دوازدە ساڵ بوو پلەی میرایەتی پێ درا و شای سەفەوی ناوچەکانی سالیان و مەحموودابادی لە ناوچەی شیروان پێ سپارد.

پاشان شا شەرەفخانی ناردە لای محەمەد بەگی خاڵی، کە حاکمی هەمەدان بوو، مووچەشی لە داهاتی هەمەدان بۆ بڕییەوە.

دواتر شای ئێران میر شەمسەدینی باوکی شەرەفخانی بانگ کردە قەزوین و دڵنەوایی دایەوە و پلەی میرایەتیی پێ بەخشییەوە و ناردییەوە ناوچەی گریهڕودی سەر بە قوم، بەڵام چەند ساڵێک دواتر میر شەمسەدین دووبارە و بۆ دواجار وازی لە میرایەتی هێنا و شای سەفەوییش ناردییەوە بە شوێن شەرەفخانی کوڕیدا و پلەی میرایەتیی پێ دایەوە.

دواتر میر شەرەفخان چووە قەزوین بۆ لای شا، هەر لەو کاتەدا ئاژاوەیەک لە ناوچەی گەیلان دروست بوو، میر شەرەفخانیش دژی ئاژاوەی گەیلانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، پاشان ماوەی (7) حەوت ساڵ لە گەیلان دەبێت و دواتر لەسەر فەرمانی شا دەچێتەوە قەزوین و لەبەر دروستبوونی پشێوی لە دەرباری شادا، داوای کرد بینێرنە سەر شوێنێک و شا ناردیە سەر ناوچەی شیروان.

دوای مردنی شا تەهماسب و هاتنی شا ئیسماعیلی دووەم بۆ سەر دەسەڵات، میر شەرەفخانی بانگ کردە قەزوین و پلەی میری میرانی کوردی پێ بەخشی و سەرانی کورد لە کوردستان تا لوڕستان هەر کارێکی لای شایان هەبێت بچنە لای ئەم.

دوای ئەوەی چەند کەسێک لە ئیرەیبردنیان بە میر شەرەفخان چوونە بن کلێشەی شاوە و ئەویش شەرەفخان گوتەنی: لەکۆڵ خۆی کردەوە و ناردیە نەخچەوان لە ئازەربایجان و دوای ساڵێک و چوار مانگ لە لایەن خوسرەو پاشای میری میرانی دیاربەکرەوە فەرمانی سوڵتان موراد عوسمانی بۆ نێردرا، بە دامەزراندنی بە فەرمانڕەوای بەدلیس، لە ساڵی 1575ز دا.

لێرە بە دواوە میر شەرەفخان و، هۆزەکەی (هۆزی ڕۆژەکی) گەڕانەوە زێدی خۆیان (بەدلیس) لە بن دەستی سوڵتانی عوسمانییدا. کاتێک سوڵتانی عوسمانی سوپای ناردە سەر ناوچەکانی گورجستان، شیروان و ئازەربایجان. لەژێر دەسەڵاتی ئێران، میر شەرەفخان بە خۆی و سوپایەوە چووە هاوکاری سوڵتان و ماوەی (10) ساڵ خزمەتی سوڵتانی کرد.

میر شەرەفخان دەوروبەری ساڵی 1591ز وازی لە دەسەڵات هێنا بۆ کوڕەکەی میر شەمسەدین و دەستی کرد بە نووسینەوەی بەرهەمە ناوازەکەی لەسەر مێژووی کورد، کە بە شەرەفنامە ناسراوە.

شەرەفخانی بەدلیسی بە پێی وتەی زیا شەرەفخان، لەنێوان ساڵانی 1603 یان 1604ز دا کۆچی دوای کردووە و هەر لە شاری بەدلیسیش بە خاک سپێردراوە.

شەرەفخانی بەدلیسی لە کۆتایی ساڵانی سەدەی شازدە بە نووسینی شەرەفنامە، مێژوونووسیی کوردی دەست پێکرد. شەرەفنامە هەڵگری مێژوو و بەسەرهاتی بنەماڵە دەسەڵاتدارە کوردییەکانی سەردەمی خەلافەتی عەباسی تا سەرەتای دەسەڵاتی سەفەوییەکانە.

شەرەفنامە لە بنەڕەتدا درێژکراوەی شێوازی مێژوونووسیی نەریتی (کلاسیک)ە، واتە مێژوونووسیی سیاسی و سەربازیی و بنەماڵەییە. بەڵام پێشەکییەکەی شەرەفنامە، سەبارەت بە مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردی، دەتوانێت تا ڕادەیەک ئەم بەرهەمە مێژووییە لە بەرهەمە مێژووییەکانی هاوچەرخی خۆی و پێش خۆی جیا بکاتەوە و وەک داب‌ڕانێک لەو نەریتە مێژوونووسییە پێناسە بکرێت.

شەرەفنامە: لە دوو بەرگ پێکدێت

بەرگی یەکەمی: دابەشکراوە بۆ چوار بەشی سەرەکی و تەرخانکراوە بۆ باسکردنی مێژووی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

هەرچی بەرگی دووەمیشە: (هەرچەندە هەندێک لە توێژەران بە پاشکۆ بۆ بەرگی یەکەم دایدەنێن، نەک بەرگی دووەم)، تەرخانکراوە بۆ مێژووی فەرمانڕەوایانی ئێرانی و عوسمانی تا سەردەمی میر شەرەفخان خۆی.

"لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی خونکاران و پادشایانی خانەدانی عوسمانیدا، هیچ میر و فەرمانڕەوایەک بەقەی من ڕەپێش نەخراوە و چون خۆم تەماشای نەکراوە.." میر شەرەفخانی بەدلیسی

کتێبی شەرفنامە کە لە کۆنەوە گرنگییەکی زۆری پێ دراوە لە ساڵی 1078ی کۆچی بەرامبەری 1667ی زایینی لە زمانی فارسیەوە لە لایەن شامی ناوێکەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی تورکی و لە دواییدا ولیامینۆفی رووسی کردوویەتیە ڕووسی و بەچاپی گەیاندووە. کارمۆی مێژوونووسی فەرەنسییش کردوویتەتیە فەڕەنسی، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە ساڵی 1953دا بەپەراوێزی بەنرخەوە کردوویەتییە عەرەبی و بە چاپی گەیاندووە، دواجاریش هەژار موکریانی بە پەراوێز و پێشەکییەکی درێژەوە کردوویەتییە کوردی و لە ساڵی 1972دا لە چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا لەچاپ دراوە..

شەرفخان کوڕی شەمسەدین بەدلیس لە ساڵی 25-02-1543 لە گوندی گەرمەڕووی سەربە شاری قوم لە ئێرانی عەجەم لەدایکبووە.

لە دیوەخانی شاتەهمان سپی یەکەم لە ساڵی (1543 تا 1576) لەگەڵ کوڕەکانی ئەودا ژیاوە. لە ئێران شا ئیسماعیلی سەفەوی ساڵی 1576 پایە و نازناوی میری میران دەبەخشێتە شەرەفخان و دەیکاتە سەرۆکی هۆزی کوردەکانی ئێران.

لەکانوونی دووەمی ساڵی 1578 لەجەنگی نێوان ئێرانییەکان و عوسمانییەکان دا پشتی ئێرانییەکان بەردەدات و لایەنگری عوسمانییەکان دەکات بەخۆی و 400 چەکدارەوە دژ بە ئێران دەوەستێت سەرکردایەتی عوسمانییەکان دەکات لە ساڵی 1589 سوڵتان موڕادی سێیەم دژ بە ئێرانییەکان پایە و نازناوی خان دەبەخشێتە شەرەفخان و دەیکاتە میری ویلایەتی بەدلیس لە ساڵی 1590 واتا لە تەمەنی 53 ساڵیدا جڵەوی فەرمانڕەوایی خۆی دەداتە دەست کوڕەکەی خۆی شەمسەدین بەگ.

لە ساڵی 1591 تا 1592 دەست دەکات بە نووسینی شەرەفنامە و لە 04-08-1597 لە نووسینی شەرەفنامە تەواو دەبێت و پوختەی نووسینەکانی لەدوا دوای ساڵی 1597دا کۆتایی پێهێنا بەم جۆرە پرۆژەی تۆمارکردنی کوردی ئەنجامدا.

میر شەرەفخان لە ساڵی 1012ی کۆچی دا بەرانبەر بەساڵانی 1603-1604ز کۆچی دوایی کردووە. بەساڵنامەی زایینی 60 ساڵ ژیاوە و بەساڵنامەی کۆچیش 63 ساڵ ژیاوە.

شەرفنامە گەلێ بابەتی سەرەکی و گرنگی گرتۆتەخۆ وەکوو ئەمانەی خوارەوە:

1-حکوومەتە کوردییەکانی مەڕوانی و حەسنەوی و فەزلەوی و ئەیووبی.
2-حاکمە کوردییەکانی پشتاوپشت حوکمڕانیان کردووە.
3-ئەو حاکمە کوردانەی پارەیان لێداوە و وتاریان بەناو خوێنراوەتەوە.
4-جگە لەمانەش بەدووروودرێژی باسی حکوومەتی بتلیسی کردووە.

ئەم پەرتووکەی شەرفنامە لە کۆنەوە گرنگییەکی زۆری پێدراوەلە ساڵی 978ی کۆچی بەرانبەری 1667ی زایینی لە زمانی فارسییەوە لەلایەن شامی ناوێکەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی و لە دواییدا ولیامینۆفی ڕووسی کردوویەتییە ڕووسی و بەچاپی گەیاندووە و کارمۆی مێژوونووسی فەرەنسیش کردویەتییە فەرەنسی و لە میسریش مێژوونووسی کورد لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو بە فارسی چاپی کردووە و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە ساڵی 1953دا بەپەراوێزی بەنرخەوە کردوویەتییە عەرەبی و بەچاپی گەیاندووە دواجاریش هەژار موکریانی بەپەراوێزو پێشەکییەکی درێژەوە کردوویەتییە کوردی و لە ساڵی 1972دا لەچاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا لەچاپ دراوە.

کوردپیدیا

# بەشێك لەمێژووی ڕۆژنامەی کوردستان و ڕۆژنامەگەری کوردی

١٢٢ ساڵ لەمەوبەر ڕۆژنامەی "کوردستان" وەك یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەرچوو، هەرئەوەش بووە هەوێنی لەدایکبوونی سەدان ڕۆژنامە و کەناڵی ڕاگەیاندن لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

دوای تێکچوونی شۆڕشی بەدرخانیەکان لە ساڵی ١٨٤٧دا، دەوڵەتی عوسمانی بەدرخانیەکانی لە هەرێمی بۆتانی باکوری کوردستانەوە بۆ ئەستەنبوڵ و میسر و یۆنان و چەند وڵات و دوورگەیەکی دیکە دوورخستەوە و بەم شێوەیە ئەم بنەماڵە شۆڕشگێڕەی کورد پەرش و بڵاوبوونەوە.

لەبەر بێ دەرەتانی لە بواری شۆڕشی چەکداریدا ، مێقداد مەدحەت بەدرخان بۆ بەردەوامیدان بە خەباتی نەتەوەیی، ڕێگایەکی دیکەی تاقیکردەوە. ئەویش خزمەتکردنی کلتور و زمان و ناساندنی مێژووی نەتەوەی کورد بوو لەڕێی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە.

مێقداد مەدحەت بەدرخان لە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان دا دەڵێت: " من ڕۆژنامەیەکم بە ناوی کوردستان دەرکرد، ئامانجم لەم کارە ئەوەیە کە گەلی کورد لە بوارەکانی کلتوری، سیاسی، زمان، ئابوری و زانستەوە هۆشیار بکەمەوە".

ڕۆژنامەی کوردستان سەرەدمی خۆی لە ڕووی هزری نەتەوەییەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی و هەر چەندە بە زمانی کوردی - کورمانجی دەردەکرا، بەلام لە ڕووی داڕشتن و ڕێزمانی کوردییەوە زۆر پێشکەوتوو نەبوو بەڵام بەو دەرفەتە کەمە و سەرباری فشارەکانی دەوڵەتی عوسمانی تا ١٩ی نیسانی ١٩٠٩ بەردەوام بوو و دواتر لەلایەن دەولەتی عوسمانیەوە داخرا.

ڕۆژنامەی کوردستان و ژمارەیەکی دیکەی ڕۆژنامەی کوردی لەو ساڵانەدا دەرکران و هەموویان بە پیتی "ئارامی" بابەتەکانیان بڵاودەکردەوە و زۆربەشیان لەلایەن ئەندامانی خانەوادەی بەدرخانیەکان بەڕێوەدەبران.

ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە، کە یەکەم ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لەسەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخان و جەلادەت بەدرخان لە قاهیرەی پایتەختی میسر چاپکرا، ئەمەش وەرچەرخانێکی ڕۆشنگەریی لە کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا و بووە دەستپێکی قۆناغی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان، ئەمڕۆش ١٢٢ ساڵی تەواو بەسەر دەرکردنی یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە تێپەڕ دەبێت،

میقداد مەدحەت بەدرخان کێیە؟

میقداد مەدحەت بەدرخان کوڕی میر بەدرخان پاشای میری بۆتانە، بەپێی مێژوو نووسان و ئەدیبان ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵەیەك لەو ناوانەی کەلەو سەردەمەدا عوسمانییەکان لە ناوە فەرەنسییەکانەوە وەریانگرتووە، میقداد مەدحەت بەدرخان لەپاڵ شۆڕشگێڕیدا کەسێکی ڕووناکبیرو هۆشیار بووەو دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٩١ چۆتە میسر، لەو وڵاتە لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت تا لە 22ی نیسانی ١٨٩٨ لەقاهیرە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان دەردەکات و بەو شێوەیە تا دەرکردنی ژمارە 5ی ڕۆژنامەکە لەو وڵاتە دەمێنێتەوە، دواتر بەهۆی زەختی زۆری سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی لەدژی بنەماڵەکەی ناچار دەبێت بگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ، بەلام لەوێش درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و لە ساڵی 1906 بەبیانووی ئەندام بوونی لە پارتی (ئیتحادو تەرەقی) نەفی دەکرێت بۆ دەرەوەی تورکیا، دواتر لە ساڵی ١٩١٠ بەشداری دەکات لەدامەزراندنی جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی، هەندێك سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە میقداد مەدحەت بەدرخان ماوەیەك موتەسەریفی شاری دەرسیم بووە،

میقداد مەتحەد بەدرخان جگە لە زمانی دایك هەریەك لە زمانی تورکی و عەرەبی و فەرەنسی بەباشی زانیوە، بەلام ئەوەی جێگەی نیگەرانی مێژوونووسانی کوردو بەتایبەت ڕۆژنامەنووسانە ئەوەیە کە هەتا ئێستا هەروەك چۆن نازانرێت کەی لەدایك بووە بەهەمان شێوە کاتی مردنەکەشی نادیارەو نازانرێت .

بۆچی ڕۆژنامەکە لە میسر دەرچوو؟

بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان، میقداد مەدحەت بەدرخان چووە میسر، چونکە لەو سەردەمەدا هیچ هێزو دەسەڵاتێك نەبوو پشتگیری لە کورد بکات، لەو سەردەمەدا میسر لە دەسەڵاتی عوسمانییەکانی یاخیبوو، ئازادی لەو وڵاتەدا بوونی هەبوو، هەربۆیە بنەماڵەی بەدرخانییەکان قاهیرەیان بە شوێنێکی گونجاو زانی بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکەیان. بەلام کاتێك دەوڵەتی عوسمانی پێی زانین، ڕۆژنامەکە چووە ئەوروپا.

یەکەمین ڕۆژنامەی ئەهلی بووە

دەربارەی ئاراستەو هێڵی کارکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دایك بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك پێیوایە ڕۆژنامەکە ئۆرگانی (حزبی ئیتیحادو تەرەقی) بووە.






هەندێکی تریش پێیانوایە (بە یارمەتی لایەنی ماسۆنی و ئەرمەنی دەرچووە). بۆچوونی تریش هەیە کە دەڵێت: ڕۆژنامەکە پشتگیری ئینگلیزی هەبووە.

پاراستنی شوناس و زمان و کلتووری کوردی

ئەگەرچی لەڕووی مێژووی دەرچواندنی یەکەمین ڕۆژنامەوە کەمێك دوای ئەو وڵاتانەی دەوروبەرمانین، بەلام لەڕووی شوناس و تایبەتمەندیی سەربەخۆیی ڕۆژنامەکە، چەند هەنگاوێك پێش ئەوان کەوتووین. ئەوەتا دەبینین، یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی تورکی (تەقویمی وەقایع) لە 1832، یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی فارسی لە ئێراندا (کاغز اخبار) لە 1851 و یەکەمین ڕۆژنامەش لە عیراقدا (زەورا) لە 1869 دەرچووە، کە هەرسێکیشیان بەپێچەوانەی (کوردستان)ـەوە، ڕۆژنامەی ڕەسمی بوون و زمانحاڵی دەسەڵات بوون.

دروشمی ڕۆژنامەکە

لە ژمارە شەشی ڕۆژنامەی کوردستان-ەوە عەبدولڕەحمان بەدرخان بووەتە سەرنووسەرو لە ساڵی 1899 لە جنێف بڵاوکرایەوە، لێرەوە نوسین و شێوازی ڕۆژنامەکە گۆڕا. دروشمی ڕۆژنامەکەش لە ژمارە یەکەوە تا دوایین ژمارە بریتیبوو لە (کردلی ایقاظ وتحیل ێنایعە تشویق هانی، ایچون شدمیلك) واتە (کوردان ڕاپەڕین بەرپابکەن و هونەرو زانست فێر بن). ڕۆژنامەی کوردستان لەچی پێکهاتبوو؟

ڕۆژنامەی کوردستان ئەگەرچی سەرجەمی ژمارەکانی دوور لە زێدی خۆی دەردەکراو پێویستی بە پارەیەکی باش، بەلام ئەوەی گرنگ بوو ئەوەبوو کە ڕۆژنامەکە بەزمانی کوردی و بە پیتی عەرەبی بەشێوەیەکی کامڵ دەرچووە، لەلاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە"هر جار دوو هزار جریدە، اڕای ریکم کوردستانی بێ برە بدەن خلکی" بەواتای ئەوەی "هەر جارەی دوو هەزار تیراژی لێ بنێردرێت بۆ کوردستان و بەبێ پارەدا بدرێتە خەڵکی".

هەر لە لاپەرەی یەکەمدا، ناوی ڕۆژنامەکەو خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بە ڕێنووسێکی گەورە نوسراوەو لەگەڵ ئاماژە کردن بە بەرواری دەرچوونی ژمارەکەی، لەناو ڕۆژنامەکەدا چەندین بابەتی ئەدەبی و ڕووناکبیری ئەو سەردەمە بڵاوکراوەتەوەو بەزمانی کوردی کرمانجی بابەتەکانی نووسراوەو دوای چاپکردنیشی لە ڕێگەی دیمەشقی پایتەختی سوریاوە تیراژی لێ نێردراوە کوردستان و بەسەر خوێنەراندا دابەشکراوە

قۆناغەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان

ڕۆژنامەی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٨٩٨ تا ١٩٠٢ز، ٣١ ژمارەی لە چەند شوێنێکی جیاواز لێ دەرکرا، لە ژمارە ١ تا ٥ لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخان لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچوو، بەلام بەهۆی نەخۆشکەوتنی میقداد مەدحەت بەدرخان و فشاری دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە، میقداد بەدرخان لێپرساوێتی دەرکردنی (ڕۆژنامەی کوردستان)ی خستە ئەستۆی (عەبدولڕەحمان بەدرخان)ی برای و لە ژمارە ٥ بە دواوە لە لایەن براکەیەوە دەرچوو.

لە ژمارە ٦ تا ١٩ لە ژنێفی پایتەختی سویسرا، هەروەها لە ژمارە ٢٠ تا ٢٣ دووبارە لە قاهیرە، ژمارە ٢٤یش لە لەندەن و ژمارە ٢٥یش دووجار دەرچووە، یەکەمیان لە شاری لەندەن و دووەمیشیان لە شاری فۆکستۆن هەر لە بەریتانیا، وە ژمارە ٢٦ - ٢٩ لە شاری فۆکستۆن، ژمارەکانی ٣٠ و ٣١ لە ژنێف دەرچووەتەوە

کورد و ڕۆژنامەگەری:

ڕۆژنامەی کوردستان:

لە Pukmedia وەرگیراوە

ڕۆژنامەی کوردستان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو، کە یەکەم ژمارەی ڕێکەوتی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بە تێکۆشانی میقداد میدحەت بەدرخان و جەلادەت بەدرخان لە قاهیرەی میسر چاپ کرا. دەستپێکی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان وەکوو خەباتێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری دێتە نرخاندن. ئەمڕۆکە ڕۆژی دەستپێکی دەرخستنی ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن هەموو دەزگا کوردییەکان و هەروەها لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە وەکوو سەرەتای ڕۆژنامەگەریی کوردی قەبووڵ کراوە و بە فەخرەوە یادی دەکرێتەوە.

ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی):

ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) بە دوو زمانی کوردی و تورکی لە ئیستەنبوڵ دەرچووە، لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ تاکوو حوزەیرانی ١٩٠٩ بەردەوام بووە. خاوەنی ئیمتیاز حاجی تۆفیق بەگ - پیرەمێردی شاعیر - بووە و سەرنووسەرەکەی ئەحمەد جەمیل پاشا بووە. لەو دەمەدا دەنگی کۆمەڵەی کورد - کورد تەعاون و تەرقی جەمعیەتی - بووە کە شێخ عەبدولقادری شەمزینی سەرۆکی بووە.

ڕۆژنامەی ڕەسملی کاتب لە ئەستەنبوڵ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز حاجی تۆفیق بەگ (پیرەمێردی شاعیر) بوو.

ڕۆژنامەی مسەوڕ موحیت (مصور محیگ) کە پیرەمێرد لەگەڵ فایق سەبری بەگ دەری دەکرد.

گۆڤاری ژین لە ئیستەنبوڵ لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ بە دوو زمانی کوردی و تورکی دەرچووە.

ڕۆژنامەی شەمس لە تاران دەردەچوو، ئەم ڕۆژنامەیە سەید حسێنی ئێرانی خاوەنی بوو.

ڕۆژنامەی ژین کە پیرەمێردی لە سلێمانی چاپی دەکرد. وەك درێژکراوەیەکی ڕۆژنامەی ژیان. ڕۆژنامەی ژین ٥٥٣ ژمارەی لێ چاپ کرا. یەکەم ژمارەکەی لە ١٩٣٩دا دەرکرد و تا کۆچی دوایی کرد لە ١٩٥٠ دا بەردەوام بوو و بە ژمارە ١٠١٥ی گەیاند. دوای کۆچی دوایی پیرەمێردیش جەمیل سائیب و نووری ئەمین بەگ و گۆران و ئەحمەد زرنگ بەردەوام تا ساڵی ١٩٦٣ گەیاندیانە ژمارەی کۆتاییی (١٧١٤).

ئەمڕۆ بنکەی ژین لە سلێمانی وەك دەزگایەکی ئەرشیڤی و چاپکردنی کتێب و بەڵگەنامەی کوردی چالاکن.

گۆڤاری فەرهەنگ و ڕۆژنامەی «شفق سرخ» کە لە تاران دەردەچوون.

ڕۆژنامەی «ئیقدام» و «حوڕییەت».

گۆڤاری ئیجتیهاد لە ئیستەنبوڵ لە ساڵەکانی ١٩٠٤-١٩١٢ لەلایەن عەبدوڵڵا جەودەتەوە دەردەچوو.

ڕۆژنامەی «ترجماتی حقیقت»ی مامۆستا موعەلیم ناجی لە تورکیا دەردەچوو.

ڕۆژنامەی تان کە لە پاریس دەردەچوو، لەلایەن داوود حەیدەری کوڕی ئیبراهیم حەیدەرییەوە، کەلە دەرچوانی خوێندنی باڵای فەڕەنسا بوو.

«گۆڤاری ڕۆژی کورد»١٩١٣ خاوەنی عەبدولکەریم ئەفەندی.

«گۆڤاری بانگی کوردستان»١٩٢٢ خاوەنی مستەفا پاشا یامولکی.

«گۆڤاری زاری کرمانجی» ١٩٢٦ خاوەنی مێژوونووس حوسێن حوزنی موکریانی.

«گۆڤاری گەلاوێژ»١٩٣٩ خاوەنی ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد.

«گۆڤاری نزار» خاوەنی ماموستا عەلائەدین سەجادی.

«گۆڤاری ڕۆناهی» خاوەنی ماموستا ئەنوەر مائی.

«ڕۆژنامەی ئازادی» ١٩٤٥ خاوەنی مەلا شەریف ڕەنگەڕێژی.

«گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤مامۆستا گیو موکریانی خاوەنی.

## مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێراندا

دەبینین یەکەم ئەزموونی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێران ساڵی (1902) بوو کاتێك کە گروپێکی ئەمریکی بە دوو زمانی کوردی و ئینگلیزی ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (کوردستان موستەشاری) لەشاری مەهاباد بڵاوکردەوە، پاشان و لە ساڵی (1920) یەکەم هەفتەنامەی کوردی بە ناوی (کورد) لەشاری ورمێ بڵاوکرایەوە کە سەرپەرشتی و سەرنووسەری ئەم هەفتەنامە لە ئەستۆی (مەلا موحەمەد تورجانی زادە) بووە.

ئەم ڕۆژنامەو هەفتەنامە کوردیە لە سەردەمی دەسەڵاتداری ڕژێمی پاشایەتی ئێران بووەو دوای ڕووخانی ڕژێمی ڕەزا شا، ژمارەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی ڕووی لە زیاد بوون کرد لەو ڕۆژانەدا بوو کە ڕۆژنامەی کوردی (نیشتمان) بە سەرنووسەری (عەبدولرەحمان زەبیحی) دەرکراو دوای ئەوەش ڕۆژنامەی کوردستان بە بەڕێوەبەری (ئیسماعیل ئەردەڵان) هاتە ڕیزی چاپەمەنی کوردی و تەنیا لە تاران چاپ دەکرا، .کوردستان: کە بڵاوکراوەی ڕەسمی سەردەمی کۆماری کوردستان بووە و ماوەی حەفتا ساڵە لە چەند قۆناغی جیاجیا و لە چەند شوێنی کوردستان و دەرەوەی وڵات بەردەوام و زمانحاڵی فەرمیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە و ئیستاش بە شێوەی چاپ و ئەلکترۆنی هەر چاپ و بڵاو دەبێتەوە

لە دیسێمبەری (1945) تاکو کانوونی دووەمی (1964) دوو هەفتە نامەیەك بە ناوی کوردستان لە مەهاباد چاپ کراوە، دواتر گۆڤاری (گر و گاڵ) تایبەتی منداڵان، گۆڤاری (هەڵاڵە) و (ئاوات) لە مەهاباد، (هاواری کورد) و مانگنامەی هاواری نیشتمانیش چاپ کران کە زۆربەشیان بابەتە سیاسییەکانیان تێدا دەخرایە ڕوو، هەندێ گۆڤاری دیکەش وەك ڕێگا، خۆرنشین و بۆغستان لە ساڵەکانی (1952 - 1948) چاپ و بڵاوکراونەتەوە کە زۆربەیان لە تاران و مەهاباد و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بوونە.

دوای شۆڕشی ئێران ژمارەی گۆڤارو میدیاو چاپەمەنی کوردی پەرەی سەندووەو لە لووتکەی هەموویانەوە گۆڤاری سروە وەستاوە کە بە ڕای مامۆستایان و کارناسانی بوای زمان و ئەدەبی کوردی ئەم گۆڤارە کوردییە کاریگەری زۆری بووە لە پێگەیاندنی بەرەیەکی باش لە کوردی نووس و کوردی خوێن و شاعیر و نووسەری کورد دا.

گۆڤاری سروە بە سەرنووسەری مامۆستا هێمن یەکەم ژمارەی لە چاپدرا و دواتر گواسترایەوە بۆ سنەو دوای چەند ژمارەیەکیش لەم شارە داخرا و بۆ هەمیشە چووە ئەرشیڤی چاپەمەنی کوردی.

هەروەها دواتر ژمارەیەك وەرزنامە، هەفتەنامەو دوو هەفتەنامە وەك زرێبار، ئاوێنە، ئاویەروگۆڤاری سروە، مەهاباد، زرێبار، هایا، ژیوار، هەفتەنامەکانی ڕۆژهەڵات، ئاسۆ، ، سیروان، لووتکە، سۆران، ئاگرین ڕۆژ و دەیان گۆڤاری و بڵاوکراوەی زانکۆیی و خوێندکاری بکەی.

....... لە شارە کوردنشینەکانی ئێران لەوانەش سنەی ناوەندی پارێزگای کوردستان دەستیان بە چالاکی کرد کە هەر کامەیان ماوەیەك چالاك بوون و دواتر راگیران. ئێستاش لە پارێزگای کوردستان تەنیا هەفتە نامەی سیروان بە دوو زمانی کوردی و فارسی بەردەوام چاپ دەکرێت و بە ڕای زۆربەی کادیرانی بواری ڕۆژنامەگەریش سەرکەوتوو بووە، ئەگەرچی لە چەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر گۆڤار، هەفتەنامە و مانگ نامەی کوردی لە پارێزگای کوردستان مۆڵەتیان وەرگرتووەو زۆربەشیان بۆ ڕۆژئاوای ئێران یان ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بڵاودەبنەوە، بەڵام بەشێکیان لەبەر کێشەی دارایی بە ڕێکوپێکی و بەردەوام چاپ ناکرێن.

یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان وڕۆژنامەگەری کوردی ١٩٩٢-١٩٧٥.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك هێزێکی دیاری دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول توانی بووی جێگەی خۆی لەناو جەماوەری کوردستاندا بکاتەوە، جگە لەچالاکییە گرنگەکانی هێزی پێشمەرگە، لەقۆناغی شۆڕشدا راگەیاندن وڕۆژنامەگەری ڕۆڵی گەورەو گرنگی دەگێڕا، بۆ بەستنەوەی هێزی پێشمەرگەو جەماوەری گەلی کوردستان، بۆیە یەکێتی شانبەشانی چالاکی عەسکەری و سیاسی گرنگی باشی بدبڵاوکراوەوبەڕاگەیاندناو بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی شۆڕشی نوێ هەنگاوی باشی دەنا،لەڕووی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە، (ئەلشەرارە)، یەکەم بڵاوکراوەی ئەم ڕێکخراوەیە. ئۆرگانی ناوەندی ئەم ڕێکخراوە بووە. یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی١٩٧٥ دا، بەزمانی عەرەبی، لە دیمەشق دەرچووە. یەکێتی، تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٢،(٤٦) گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی بە زمانەکانی؛ کوردی،عەرەبی،ئینگلیزی،هۆڵەندی،ئەڵمانی، دەرکردووە.دوا بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی(ئەلئیتحاد)ە. ئەم بڵاوکراوانە، (٣٠)یان بەزمانی کوردی، (٩) بە عەرەبی، (٤) بە ئینگلیزی، (٢) بە هۆڵەندی، (١) بە ئەڵمانی بووینە. یازدە دانەیان لەساڵانی١٩٩١ و١٩٩٢ دا،دەرچووینە. ڕیزبەندی بڵاوکراوەکانی یەکێتی بە پێی کات، بەم شێوەیەیە؛ ( ئەلشەرارە ١٩٧٥، ڕێبازی نوێ ١٩٧٦،دەنگی یەکێتی١٩٧٦ ، زی سپارك ١٩٧٧، بەلاغی عەسکەری ١٩٧٧،ئاڵای شۆڕش ١٩٧٧، لێتینسەلە ١٩٧٧،کۆمەڵە١٩٧٨ ، ڕاپەڕین- سوید ١٩٧٨، کۆمەڵە- ئەوروپا ١٩٧٨، هەواڵنامەی کوردستانی عێراق ١٩٧٨، ئاڵا-ئەمەریکا١٩٧٩ ، دێر فونکە-ئەڵمانیا ١٩٧٩،هەواڵنامەی کوردستان لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا- ئەوروپا ١٩٨٠، ئەلخەلیج- کوێت١٩٨٠ ،ئەلخەنادق ١٩٨٠ ، بزووتنەوە ١٩٨٠، دەڤۆنك ئوت کوردستان- هۆڵەندا١٩٨١، سۆسیالیست ١٩٨١، پێشمەرگە ١٩٨٢، سەوت ئەلئسبوع١٩٨٢ ، ڕاپەڕین ١٩٨٢،ئەلئیتحاد-سوریا .هۆڵەندا١٩٨٢، کۆسار١٩٨٣، کوردایەتی ١٩٨٣، سەنگەر١٩٨٣ ، هەڵوێست ١٩٨٣،کیفاح ئەلئەنسار-ئەوروپا ١٩٨٣، دەنگی شۆڕشی عێراق ١٩٨٣، زی تۆرخ-ئەمەریکا ١٩٨٤، ڕۆشنبیری ١٩٨٤،ڕزگاری ١٩٨٥، ئەرکی نوێ- سوید ١٩٨٧،زی کوردستان فۆکوس- بەریتانیا١٩٨٩ ، ئەستێرەی کوردستان- ئەمەریکا١٩٨٩ ، بابەگوڕگوڕ١٩٩١ ،سەرهلدان ١٩٩١، پەیامی نوێ ١٩٩١، بابەگوڕگوڕ کەرکوك ١٩٩١، ئەلئیعتسام١٩٩١ ، کوردستانی نوێ ١٩٩٢، ئەلئیتحاد-دهۆك ١٩٩٢، سیاسەتی دەولی ١٩٩٢، پەرلەمان- دهۆك ١٩٩٢،کوردستان تایمز١٩٩٢ ، ئەلئیتحاد- هەولێر ١٩٩٢).

لە بنیاتنانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا سەدان نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند دڵسۆزانە لە ڕۆژگاری خۆیدا بەشدارییان کردووە کەلە گەشەپێدانی ڕۆژنامەوانی کوردیدا وەکوو ماموستا "پیرەمێرد، گیوی موکریانی، حوزنی موکریانی، عەلائەدین سەجادی، ئیبراهیم ئەحمەد، عەبدوڵا گۆران، مەعرووف بەرزنجی، غەفور میرزا کەریم، جەلالی میرزا کەریم، ئەمینی میرزا کەریم، ئەحمەد غەفوور، مەلا ئەنوەر مائی، شاعیری بەناوبانگ قانع، ماموستا شاکر فەتاح، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد مەولوود مەم، ساڵح حەیدەری و دەیانی تر.

# رابیا رۆگێ یەکەم ژنە ئەڵمانی کەشتیوانی ئاسمانییە

## رەزا شوان

زانا و ئەندازیاری ئەلیکترۆنی بەناوبانگ و پسپۆری بواری رۆبۆتی زیرەک، خاتوو (رابیا پاتریشیا رۆگێ) بوو بە یەکەم ژنە کەشتیوانی ئەڵمانی، کە لە رۆژی هەینی (٤/ نیسان/٢٠٢٥) لەگەڵ سێ کەشتیوانی تردا، کە رابیا سەرکردەی تیمەکەی دەکرد. بۆ ماوە (٤) رۆژ، بە کەشتی (فرام - ٢) چوونە بۆشایی ئاسمان و لە بەرزی (٤٢٥ - ٤٥٠) کیلۆمەتر بە خولگەی زەویدا، بەسەر جەمسەری باکوور و جەمسەری باشووری زەویدا سووڕانەوە. چەندین تاقیکردنەوەیان ئەنجامدا. بێ زیان گەڕانەوە سەر زەوی.

رابیا، لە ساڵی (١٩٩٦) لە شۆنبێرگ لە (بەرلین) ی پایتەختی ئەڵمانیا لەدایکبووە. لە ئێستادا تەمەنی (٢٩) ساڵە. رابیا منداڵێکی زیرەک بوو. یەکەم کچە لە ئەڵمانیادا، کە لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا، بوو بە خوێندکاری زانکۆ. لە قۆناغی یەکەمدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی تەکنیکی سروشتی، لە شاری (ترۆندهایم) لە نەرویج بەدەستهێنا و بوو بە ئەندازیارێکی تەکنیکەکانی کارەبا. لە پەیمانگای بەرلین، بڕوانامەی لە تەکنیکەکای کارەبای وەگرت. بڕوانامەی ماستەری لە تەکنیکەکانی کارەبا و لە زانیاری و لە پسپۆریی لە رۆبۆتی زیرەک، لە زانکۆی زۆریخ لە سویسرا بەدەستهێناوە.

لە کالیفۆرنیا ـ لە ئەمریکا دا، مەشقی فڕینی کردووە. بۆ دەربردنیش لە دۆخە سەختەکاندا، لە ئالاسکا، و لە دوورگەی سڤالباردی نەرویجی راهێنانی کردووە.

هەر لەم دوورگەیەی نەرویجدا، چاوی بە پلاندارێژەری گەشتە ئاسمانییەکە، جۆن وانگ کەوت. جۆن رابیای بۆ ئەو گەشتە بانگهێشت کرد.

گەشتە لەسەر راسپاردن و بە سپۆنسەری ملیادێری ماڵتی ـ چینی (جۆن وانگ)ەوە رێکخرا. ئامادە نەبوو کە ئاشکرای بکات، بۆ ئەم گەشتە چەند پارەی داوە.

رابیا رۆگێ سەرکردەی تیمی گەشتەکە بوو. بێجگە لە خۆی سێ کەسی کەش هاوبەشبوون لەگەڵیدا، کە ئەمانە بوون: دەرهێنەری فیلمی سینەمایی نەرویجی خاتوو (یانتک میکێلسن) و رێبەری جەمسەریی ئوسترالی (ئێریک فیلیپس) و ملیاردێری چینی (جۆن یانگ). کە لە رۆژی هەینی (٤/ ٤/ ٢٠٢٥) چوونە ناو کەپسوولی دراگۆن، کە لەلایەن کۆمپانیای (سپەیس ئێکسی ئیلۆن ماکس) ەوە دروستکراوە. بە هۆی رۆکێتی سپیس ئێکس (فالکۆن ٩ ) بە گۆشەی (٩٠) پلە، بەرەو ئاسمان بوونەوە. ئەرکەش بە ناوی (فرام ٢) ناونرا. فرام ناوی کەشتییەکی چارۆگەداری بەناوبانگی نەرویجی بوو، کە زیاتر لە سەدەیەک پێش ئێستا، لەنێوان ساڵانی (١٨٩٣) و (١٩١٢) دا، تیمێک لە زانایانی و توێژێنەرانی نەرویجی، بۆ دوزینەوەی نوێ و بۆ توێژینەوە، گەشتێکیان پێی کرد، بۆ جەمسەری باکوور و جەمسەری باشووری زەوی. وەک رێزلێنان و بەرزراگرتنی یادی ئەو کەشتییە و ئەو تیمە توێژێنەرە نەرویجییە، ئەم گەشتە ئاسمانییەیان ناویان نا (فرام ٢).

ئەم گەشتە مێژووییە بۆ بۆشایی ئاسمان، لە ماوەی چوار رۆژ لە خولگەی زەویەدا، بەسەر جەمسەری باکوور و جەمسەری باشووری زەویدا سووڕانەوە. (٢٢) تاقیکردنەوەی زانستییان ئەنجامدا. ئەم تاقیکردنەوانە بریتیبوون، لە لێکۆڵینەوە پێشەنگییەکان لەسەر کاریگەرییەکانی نەبوونی کێش، لەسەر جەستەی مرۆڤ، کەشەکردنی قارچکی شیاوی خواردن لە بۆشایی ئاسمان، گرتنی یەکەم وێنەی تیشکی ئێکس لە بۆشایی ئاسمانەوە.

لە دوای چوار رۆژ سووڕانەوە بە دەوری جەمسەرەکانی زەویدا، کەپسوولی دراگۆنی هەڵگری چوار کەشتیوانەکان، بەبێ زیان، بە نەرمی بە پەرەشووت،

لە رۆژئاوای ئەمریکادا، لە زەریای هێمن، لە کەناری کالیفۆرنیادا نیشتەوە.





رابیا پێش دەستپێکردنی گەشتەکەیان، بە ئاژانسی راگەیاندنی ئەڵمانی (دی پی ئەی) رایگەیاند: ئامانجمان تەنها بەزاندنی سنوورەکان نییە، بەڵکو رەخساندنی دەرفەتی نوێیە بۆ گەشتکردن بۆ بۆشایی ئاسمان، بۆ فراوانکردنی ئاسۆی گەڕان لە بۆشایی ئاسمانی تایبەت و لێکۆڵینەوەی زانستی، بۆ ئیلهام بەخشینە بە لاوان بۆ ئەوەی هیوا و خەونەکانیان بەدیبهێنن.

رابیا رۆگێ، ئەندامی دەستپێشخەری توێژینەوەی ئەکادیمی ئەماتۆرێکی ناوازەیە.

بە گوێرەی ناوەندی ئەڵمانی بۆ زانستی ئاسمانی (دی ئێل ئار). رابیا رۆگێ لە ئێستادا پەیوەندی بە لیستی نوخبەی ئەڵمانییەوە کرد. کە تا ئێستا تەنها (١٣) ئەڵمانی، گەشتیان بۆ ئاسمان کردووە. رابیا رۆگێ شانازی بە ئەوەوە دەکات، کە یەکەم ژنە لە نێوانیاندا.





# ڕۆژین حاجی حسێن





لە قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە.
ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.
بڕوانامەی ماستەری هەیە لە ئەندەزیاري کۆمپیوتەر.
لەتەمەنی ١٤ ساڵییدا خەڵاتی باشترینی سوریای وەرگرتووە لە وێنەکێشان.
نزیکەی دە ساڵ کاری فرۆشتنی تابلۆی کردووە بۆ کاری خێرخوازی لە ڕۆژئاوا.
بەشداری چەندین پیشانگەی هاوبەشی کردووە .
تابلۆکانی لە سەر زۆرێک لەبەرگی ڕۆمانە کوردی و عەرەبییەکانی ڕۆژئاوا چاپکراوە.
یەکەمین پیشانگای تایبەتی لە ٢٠٢٤ کردۆتەوە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر.















# ئەگەر دەتەوێت بزانیت سلێمانی پێش 94 ساڵ چۆن بووە ئەم بابەتە بخوێنەرەوە

سەیری کاریگەری منەوەرەکانی ئەوسەردەمەی شار بکەن چۆن هەوڵیان داوە سلێمانی بکەنە پایتەختی ڕۆشنبیری

لە بیرەوەریەکانی نەمر سەعید ناکام

ڕۆژنامەی ژیان هەفتانە بوو نزیکەی 400 دانەی لێ چاپ دەکرا ،کە زیاتری لەنێو شاری سلێمانی دا دەفرۆشرا ، ڕۆژانی دەرچوونی ڕۆژنامە لە نێو بازاڕدا مرۆڤ چاوی بە دیمەنێک دەکەوت کە دڵگەشێن و هیوا بزوێن بوو. مام حاجی و بازرگان و چەورەی شاگرد و قەساب و تەنەکەچی و سەوزی فرۆش دەبینی یەکی دانەیەک ڕۆژنامەیان بەدەستەوەیە ، سەریان پێدا شۆڕکردۆتەوە و ووشەکانی حونجەدەکەن ، هەر ئەو ڕۆژە ئەو یەک دوو شیعرەی پەندی پێشینان کە لە ژووروی لاپەڕەی یەکەمدا دەنوسرا ، لەبەردەکرا و دەماودەم بڵاودەبۆوە .

ئەوەی گومانی تێدا نیە یەکێک لەو هۆیانەی بوونە بزوێنەر و ووریا کەرەوەی شاری سلێمانی و پایەیێکی تایبەتکاری لەو ساڵانەدا بۆ دیار کرد .، ڕۆژنامەی [ ژیان ] و قوتابخانەی شەوانەکەی [ زانستی ] بوون کەداهێنەر و بەڕیوە بەری هەردووکیان پیرەمێردی نەمر بوو . ئەم دوو بنکە بەنرخە چاوی کرێکارو کاسب و دوکانداری نێو کۆڵان و بازاڕی سلێمانی کردەوە و مانا سەرەتاییەکانی نەتەوایەتی تێگەیاندن . بڕوا بەخۆکردن و قێز لە داگیرکەری فێرکردن و ئەم شارەی کردە ناوەندی کوردایەتی و مەشخەڵی گرتنەبەری ڕێچکەی ڕزگاریخوازی بۆ گشت کوردستان .

لێرەدا پایە بەرزی پیرەمێردی نەمرمان بۆ دەدەکەوێ و دەزانین میللەتی بەتێکرایی و دانیشتوانی شاری سلێمانی بەتایبەتی چەند قەرزدار و منەتباری خەبات و کردەوە ژیرانەکەی خاڵە تۆفیقی پیرە مەردن .

.......................................


سلێمانی ئەوسا شارێکی بچوکۆلە بوو کە دانیشتوانی یەکتریان دەناسی و یەکیکی نامۆ بهاتایە دەزانرا ، ئێمەش زۆر شارەزای دەورو پشتی خۆمان بووین ،

دوکانی فەرەج ئەبوتێر کە لادێیی ماست و کەرە و پەنیریان دێنا لای و دەیانفرۆشت لە ژێر ئەو ژوورەی بەلەدیەدا بوو کە ئێمە دەزگای پیتەکانمان تێدا دانا بوو .حەمەی شازەمانی بەقاڵ بەرامبەرمان و رووی لە قەیسەری نەقیب بوو ، قەرائەتخانەی قادر ئاغا ی عەتار بەرامبەر گەراجی فەرەج ئەفەندی قالەی جانێ و مزگەوتی نەقیب بوو . [ قادر ئاغا چل پەنجا کتێبی تورکی و عەرەبی هەبوو ، سێ چوار ڕۆژنامەی عەرەبی بەغداشی بۆ دەهات ،خەڵک دەچوون کتێب و ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە و چوار فلسیان دەدا و دەڕۆیشتن ، بەڵام شوێنەکەی ئەوەندە تەنگە بەربوو دەبوایە دانیشتوو بەپەلە بخوێنێتەوە و بڕوا تا یەکێکی دی لە جێگاکەی دانیشێ ، کتێب هێنانەوەش شەوی بە عانەیەک [ 4 فلس ] بوو .

بەر دوکانی حەمە سەعیدی خەیات بەرامبەر قوتابخانەی فەیسەڵی ئێواران پیاوە ناسراوەکانی شاری لێ ڕادەوەستان باسی سیاسەت و دەنگوباسی دنیاشی لێ دەکرایەوە ، لەوانەی دوو بەدوو ناسیمانن عەقید عیزەت تۆپچی [ عیزەتی فاتە } و عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف و ئەحمەدی عەزیز ئاغا و چەند کەسێکی دی بوون کە جارجار [ شۆتەر ] ی نوێنەری ئینگلیز لە سلێمانی تێکەڵاو دەبوو .

بەرنامەی ڕۆژنامان من و حەمەدەمین وابوو کە بەیانیان دەستمان بەکاری چاپ دەکرد . دەمی نیوەڕۆ غەزالەخانی ژنی پیرەمێرد لەماڵەوە نان دۆی بۆ دەناردین . ئێواران کە دەستمان هەڵدەگرت دەچووینەوە قەلەندەرخانە نانمان دەخوارد و بۆ نووستن دەچووینە قوتابخانەی زانستی .

قەلەندەرخانە ...ناوی ئەو خانووە قوڕە سێ ژووریە بچکۆلەیەیە کە لە گەڕەکی سابونکەران بەرامبەر مەکینەی کارەبا ماڵی پیرەمێرد بوو ، خۆی و غەزالەخان پێکەوە دەژیان ،




شەوانە چەند برادەری تایبەتی دەهاتن بۆ لای و کۆنکەنیان دەکرد لەسەر لوقم و گەزۆ یا مێوژ و گوێز ، لەوانە ئەمین بەگی گومرگ و عەزیز ئەفەندی [ قامیش ] و جەمیل صائب [ کاکینە ] کە خوشکەزای پیرەمێرد بوو .

پاشتر لەسەر بڕیاری پیرەمێرد دانرام کە لە قوتابخانەی زانستی دەرس بڵێمەوە مانگی بە سێ ڕوپیە ، بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەبوبەکری شێخ جلال [ هەوری ] بوو ، لە قوتابیەکان ئەوانەی بیرم مابن ...[ حاجی عەلی ماستاو ] و [ وەستا محێدین ] و [ حاجی عەولی چایچی ] و [ حاجی عەلی جاسوسی کەبابچی ] بوون ، کەهەموویان پیاوی خاوەن ژن و منداڵ بوون .

ئێمە بە هۆی ئیشەکەمانەوە زوو ناسراین ،و خەڵکمان ناسی و تێکەڵاویێکی دڵسۆزانەمان پێکەوە نا ، گەلێک پیاوی ناسراو هاتوچۆی چاپخانەیان دەکرد و بوون بە ئاشنامان .، لەوانە [ عبدالواحید نوری ] و [ میرزا مـارف ] و [ مەلا مستەفا سەفوەت ] و [ شێخ محمدی خاڵ ] و [ مەحمود فەهمی هەمەوەند ] و [ ڕەمزی مەلا مارف ] بوون .

بەهۆی خوێندەواری و نووسینم لە ڕۆژنامەدا ، لەگەڵ لاوەکانیشدا پەیوەندی و برادەریم پێکەوە نا ، چاکەت و پانتۆڵم کڕی و بۆینباخم بەست و لەلای [ قەزەرۆس ] کە یەکەم سەرتاشی سلێمانی بوو تەراشم کرد و [ برێل کرێم ] م دا لە قژم و هاتمە ڕیزی ئەفەندیەکانەوە و ئێواران بەرەو سەددەی سابونکەران پیاسەمان دەکرد و لە هەموو شتێ دەدواین لە سیاسەت و شیعر و دڵدارییەوە بگرە تا دەگاتە گاڵتەو قسەی فێنک .

برادەرم زۆر بوون ، بەڵام زیاتر لەگەڵ [ حەمەی تاپۆ ] و [ محمەد خدر کۆیی ] و عەبدوللە جەوهەر ] و [ مستەفا مەجید ] [ مچەی تاپۆ ] بووین ، هەر لەو ڕۆژانەدا گەیپیشتینە نێو ڕێکخراوێکی سیاسی کە ناوی [ کۆمەڵەی یەکێتی ] بوو ،لەم ڕێکخراوە ساکارو سەرەتاییەدا هیچ جۆرە بەرنامە و پرۆگرامیان پیشان نەدرابوو . ئەوە نەبێ کە مەبەست ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردە و نابێ عەرەب دەسەڵاتدارمان بێ ، سکرتێری کۆمەڵ [ مەلا حەسەنی قازی ] بیارەو و بەرپرسی [ نەجمەدین حاجی مەلا ڕەسول ] بوو ، گوایا قوماندانی گشتی بەغدا [ بەکر صدقی ] کورد پشتیوانمانە ، ئەوەی جێی سەرنجە بەشی هەرە زۆری پۆلیسی لیوای سلێمانی ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوون و هەموو سەری مانگان ئابوونەی کۆمەڵەیان لێ کۆدەکرایەوە ، لە ئەندامە چالاک و دڵسۆزەکان [ کەریم باشچاوەش ] و [ نادرباشچاوەش ] کە دوو برای کۆیی بوون و [ حەمید ئەسعەد باشچاوەش ] کە پیاوێکی گەرمیانی بوو دەورێکی باشیان دەگێرا ، وەکوو باس دەکرا کۆمەڵە دڵنیایە لەوەی هەرکاتێ بیەوێ دەتوانێ لە چەند سەعاتێک بەهۆی ئەندامە پۆلیسەکانییەوە هەموو لیوای سلێمانی بگرێ بەدەستەوە و کاربەدەستانی میری لابەرێ ، چونکو ئەو کاتە هێزی پارێزەری چەکدار تەنیا پۆلیس بوو .

**نووسین و داڕشتنەوە : ئامانجی مامۆستا عومەر**

وێنەی خوالێخۆشبووان هەردو شاعیر هێمن موکریانی و سەعید ناکام

چاووگی وێنە و زانیاری : بیرەوەریەکانی سەعید ناکام ،

خەباتی جەماوەری شۆرشگێرانەی وبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و کوردستان،لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد..

رێبازی نوێ
ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
ژمارە (٧) تەموزی ١٩٨٧ ٥٠٠ فلس

# مافی چارەی خۆنووسین تاکە رێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردە

## کاک نەوشیروان: دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستانی عێراق ئامانج ترسێنێ

ل (٤)

### مافی چارەی خۆنووسین یان چارە بۆنووسین

ماوەیەکە کێچ کەوتۆتە کەولیان، هەموو وروژاون دەستەو تاقمە ناسیۆنالیستە شۆڤینییەکانی عەرەب، لەهەر لایە هەن، کەوتوونەتە واژە واژ: دژی مافی رەوای نەتەوایەتی گەلی کورد، هەڵچوون و قسەی بێ سەروبەر ئەکەن.

دەمێکە لەدروشمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردستان کە (( مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد ))ە، دان جیرئەکەنەوەو پەپکە ئەخۆن .. پرسیار ئەکەن، گوێ قوڵاخ ئەکەن،جا روباریش کەدەرفەتێکیان چنگ ئەکەوێ قسەی لەدژ ئەکەن و ئەڵێن: " توندرەوی یە "، "گۆشەگیری نەتەوایەتیە"، " ئەبێ چی لەدوا بێ؟" لەم بارەیەوە شۆڤینیستەکانی عەرەب، گوێ قوڵاخ بەچوار چاو بەشوێن دەرفەتێکدا ئەگەران تا راستی بیرو بۆچوونی خۆیان، راستی هەڵوێستی خۆیان لە مەر مافی نەتەوایەتی گەلی کوردو بەرامبەر جوڵانەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان دەرببرن.. تا رۆژنامەی لۆمۆند بەناوی هەقال نەوشیروان ئەمیرو لەزمانی ئەوەوە مانگی نیسانی/١٩٨٧

بروانە لاپەرە (١٠ ، ١١)

### محازەرەیەکی گرنگی کاک نەوشیروان لە پەرلەمانی بەریتانیادا

رۆژی ٧/١٤ کاک نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتی ی.ن.ک بەدەعوەتی رەسمی پەرلەمانی بەریتانی محازەرەیەکی لەسەر وەزعی کوردستانی باشوور لەپەرلەمان دا. باسی زوڵم و زۆرو چەوساندنەوەی گەلی کوردو سیاسەتی شۆڤینی رژێمی عیراقی کرد لەکوردستان دا. هەروەها باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کرد کەعەفلەقیەکان لەدژی دانیشتوانی بەرفراوانی گوندە کوردنشینەکان

بروانە لاپەرە (٢)

### راگەیاندنی قسەکەرێکی رەسمی بەناوی «ی.ن.ک» وە

لەوەڵامی قسەکەرێکی ئیعلامی لێپرسراو لەسەرکردایەتی تازەی هەرێمی عیراقی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب قسەکەرێکی رەسمی بەناوی ی.ن.ک رایگەیاند:
جیابوونەوە تۆمەتێکی ئیستعماری و شۆڤینی کۆنەو ناماننترسێنێ، پوختەیەک لەراگەیاندنەکەی یەکێتی:

جیابوونەوە ئەنگ نیە

ماوەیەک لەمەوبەر سەرکردایەتی تازەی حزبی بەعسی

بروانە لاپەرە (٩)

### نامەی جێگری سکرتێری گشتی بۆخاچی سووری دەوڵەتان

جێگری سکرتێری گشتی ی.ن.ک هەڤاڵی تێکۆشەر کاک نەوشیروان مستەفا نامەیەکی ئاراستەی خاچی سووری دەوڵەتان کرد، تیایدا باسی تاوانە نامرۆڤایەتی و درندەییەکانی تاقمە عەفلەقیە خوێنرێژەکەی کرد بەرامبەر بەگەلی کوردستان کە لەسەرەوەی هەموویان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوەیە.
هەروەها کاک نەوشیروان داوای لەلیژنەی دەولی خاچی سوور کرد دەستی یارمەتی بۆ گەلی کورد درێژ بکەن، دەرمان و

بروانە لاپەرە ٩

### بانگەوازی یەکێتی بۆرای گشتی جیهان

سەرچاوەیەکی رەسمی بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەئەوروپا بانگەوازێکی ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وئەنجومەنی ئاسایش و رێکخراوی خاچی سووری دەوڵەتان و رێکخراوی هیلالی سووری هەموو رێکخراوە ئەنجومەنە ئینسانیەکانی جیهان و هەموو حکومەتە دیموکراسیەکانی جیهان کرد بۆ یارمەتی دان و بەدەنگەوە هاتنی گەلەکەمان و نارەزایی دەربرین لەئاستناوانی بەکار

بروانە لاپەرە ٢

لە ئەرشیفی بنکەی ژینەوە

# کاک نەوشیروان: دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستانی عێراق نامان ترسێنێ

ڕۆژی ١٩٨٧/٧/١٠ بەشی فارسی ڕادیۆی بی. بی. سی گفتوگۆیەکی لەگەڵ کاک نەوشیروان مستەفا بڵاوکردەوە. لەبەر بایەخی ناوەڕۆکی گفتوگۆکە بەپێویستمان زانی وەری گێڕینە سەر زمانی کوردی و بڵاوی بکەینەوە. دەقی چاوپێکەوتنەکە:

**پرسیار**: لەم مانگانەی دوایی دا چ ئالوگۆڕێک لە کوردستانی عێراق ڕووی داوە؟

وەلام: لەم مانگانەی دوایی دا چالاکی سیاسی ـ نیزامی پێشمەرگەکانی ی.ن.ک و خەڵکی کوردستانی عێراق زۆر پەرەی سەندووە. لەلایەکەوە هێزە چەکدارەکانی ی.ن.ک لە چەندین شوێنی کوردستانی عێراقەوە پەلاماریان بردۆتە سەر شارو جادە ستراتیجیەکانی عێراق، لەلایەکی تریشەوە خەڵکی کوردستانی عێراق دەستیان داوەتە مانگرتن و خۆپیشاندان و بەرەنگاربوونەوەی سیاسی ڕژێمی عیراق.

**پرسیار**: پێشتر لەنێوان ئێوەو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ناکۆکی هەبوو، ئەو ناکۆکیە ئێستا بەجۆرێک بووە بەهاوکاری و یەکێتی، ئایا ئەمە چەند ڕواڵەتی یە یان تا چ ڕادەیەک دەتوانێ ببێ بەواقعیی؟

وەلام: ئەم یەکێتیو هاوکاریە بە بۆچوونی ئێمە ستراتیجی یە چونکە ئێمە لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین کە هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق چ ئەوانەی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانن یان سەر بە هێزە سیاسیەکانی ترن لە داهاتوویەکی نزیک دا لەژێر سەرکردایەتی هاوبەش دا یەکیان بخەین. هەروەها لەسەر ئەوەش ڕێکەوتووین دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دارایی و حوکمرانی وڵات بکەین بەکۆمیتەیەکی هاوبەش و سەرکردایەتی یەکی هاوبەشی بۆ دابنێین، بۆ ئەوەی هەموو هێزو توانای خەڵکی کوردستانی عێراق یەکگرتوو بێ لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانیان.

**پرسیار**: ئایا ئێوە لەدەستێوەردانی زیاتری ڕۆژ لە دوای ڕۆژی دەوڵەتی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا ناترسن؟

وەلام: ئەو دەستێوەردانەی دەوڵەتی تورکیا شتێکی ڕوون و ئاشکرایە بەلام ئێمە لێی ناترسین چونکە هێزێکی چەکداری سیاسی زۆر گەورەمان لەکوردستانی عێراق دا هەیەو ئەگەر تورکەکان هێرش بێننە سەر کوردستانی عێراق ئێمە لەلایەکەوە لەڕژێمی بەعسی عەفلەقی ڕزگار دەبین و هێزەکەمان دەچێتە پاڵ هێزی شۆڕشگێڕانی کوردەکانی تورکیا. هێزی مرۆیی کوردستانی تورکیەش لەگەڵ تەجروبەی شۆڕشی کوردستانی عێراق تێکەڵاو بێت و گیروگرفتێکی گەورە بۆ تورکیە دروست دەکات.

**پرسیار**: ئایا ئێوە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئەگەر دەوڵەتی عێراق بڕووخێ هێزەکانی تورکیا باکووری عێراق واتە کوردستانی عێراق داگیر بکات؟

وەلام: پێم وایە ئەم مەسەلەیە ئیمکانی هەیە. دوور نیە بەرنامەی بۆ داڕژابێت و ڕەزامەندی پەرلەمانی تورکیاش وەرگیرابێ تەنانەت لەگەڵ دەوڵەتی عێراقیش ڕێکەوتنامەیەکی ئەمنیان مۆرکرد بێ کەهەر کاتێک ویستیان بتوانن بە قوڵایی ٤٥ کیلۆمەتر یان زیاتر بێنە ناو خاکی کوردستانی عێراق و بیرە نەوتی یەکانی داگیر بکەن.

---

## ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی

## ڕژێمی عێراق تاوانبار دەکا

دیارە هەرچی ڕژێمی عێراق لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی مەبەستی بوو، هیچ بەتەواوی نەهاتۆتە دی و لەبری ئەوەی باری گلاوی خۆی پێ ڕاستکاتەوە، ئەو بارە گلاوەی تا دێت گلاوتر دەبێ. ئەوەش بەلگەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئێستا دوو جار ڕژێمی عێراقی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی تاوانبار کردووە. جارێکیان لەبڕیارێکی سەربەخۆدا، ئەویتریان لە ڕاپۆرتی بەهاری ڕابردووی کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان دا کەسەردانی ئێران و عێراقی کرد.

دیارە بەکارهێنانی ئەو چەکەش لەکوردستاندا پەردەی لەڕووی ڕەشی ڕژێم بەتەواوی هەڵماڵیوەو بۆ ڕای گشتی جهانی دەرخست کە ڕژێمی عێراق بە کردەوەی دڕندانە هەوڵی لەناو بردنی گەلی کورد دەدا. ڕۆژنامەی دانمارکی "لاندوگێ فولکێ" لەم بارەیەوە نوسیویەتی ((ڕژێمی عراق بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی،شەڕێکی فراوانی بۆ لەناوبردنی کورد دەست پێ کردووە)).

بۆ زیاتر ڕیسوا کردنی عراقیش، کومیتەی پشتگیری کوردستان لەدانمارکێ کە لەدە ڕێکخراوی کورد پێک هاتووە. لەم بارەیەوە بەیانێکی تایبەتی دەرکردو چەندانەیەکی لەو بڕیارە بۆ حکومەتی دانمارکێو هەموو حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال و خاچی سوور ناردو داوای لێ کردن فشار بخەنە سەر حکومەتی عراق تا دەست لەم تاوانانە هەڵگرێ.

کۆمیتە لەبەیانەکەی دا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا، لە ١٥ەوە تا ٢٢ ی نیسانی ئەمساڵ، ٤٠٠ هاووڵاتی و ٥٠ پێشمەرگە بریندار بوون و٣٠ هاووڵاتی شەهید بوون، کومیتە لەبەیانەکەی دا هاتە سەر ئەوەی کەڕژێمی عراق بێجگە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لەسەر مەسەلەی ڕاگواستنی زۆردارەکیش هەر بەردەوامە. ئەوەش بەلگەیە کە هەر لەو ماوەیەدا خەڵکی ٢٨٦ گوندی سەر بەهەولێرو ئاکرێ بەزۆر بەرەو باشووری عراق ڕاپێچ کراون.

لە ئەرشیفی بنکەی ژینەوە

ئێستا لە شاری ئابوریناسان
دوکان | ئۆفیس | ڕێستۆرانت | غەسل | سوپەر مارکێت | مۆبیلیات
0770 279 0808 0770 279 0505





# YADNAMA یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.

سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT

یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

ئێستا دوکانەکانی شاری ئابوریناسان
بەبەرزترین کوالێتی بەردەستە
بۆیە زوو پەیوەندیمان پێوە بکەن
چونکە دوکانەکانمان سنوردارن
ئەم هەلە زێڕینە لەدەست مەدەن






بەختیار نامیق سەعید
(بەختیار شارەزوری)
sharazwri@gmail.com
009647701961087

ڕەووف محەمەد ئالانی
(ڕەووف ئالانی)
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018

سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703